# ژیلەمۆ JILEMO

گۆڤارێکی پاژێی هونەرییە

ژمارە(١٣)      ساڵی سێیەم      هاوینی ٢٠٠٠

شانۆ   ترۆتسکی لەدوورخراوگە   ل٢

وتار   شیعر لای شاملوو   ل١٤

هۆنراوە و پەخشان   ل٢٦
بیجگە لە عیشق
چەرخی ئاوەژوو
سەمای عیشق

تەنز   شیخی شیخان   ل٣٠

گفتوگۆ لەگەڵ ریگینە لوتس   ل٣٢

بیرەوەری   ل٤١

چیرۆك   عەشاماتی ناو زیندانەکە   ل٤٦

گالتەوگەپ   ل٥٩

سەرگەرمی   خشتەك   ل٦٣

تایب و مۆنتاژ
ئۆژین ئەحمەد

ناونیشانی پۆستی: JILEMO
Postfach 912215
51093 KOELN
GERMANY

پۆستی ئەلەکترۆنی:
jilemo@hotmail.com
لەسەر ئینتیرنیت :
http://www.jilemo.cjb.net

# ترۆتسکی لە دوورخراوگە پیتەر ڤایز "بەشی چوارەم"

## ٩ بیست وشەشی ئۆکتۆبەر

لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەمان شتە. ژمارەیەکی کەم لەکارگەران لەریزەکانی دەولەتدا بەشدار دەبن. هەروەها ژمارەیەکی کەم لە رۆشنبیرانو ووتار دەران.

**لینین** :

مەگەر بەسەرکردایەتی پارت متمانە ناکەیت ؟

**ترۆتسکی** :

ڤلادیمیر ئیلیچ خۆت دەزانی کە هەر بریاریك بدات هەمووان پیشوازی لیدەکەن. لەئایاردا سەمیردلۆڤو ریکۆڤو بوخارینو زۆربەی ئەوانەیتر باوەریان بەقسەکانت لەبارەی شۆرشی سۆشیالیستییەوە نەبوو، تەنانەت لەبارەی دیموکراسی چینی نیوەنجیشەوە، هەندیکیان وایان دەزانی کە تۆ شیت بوویتو، زیندان شیوازە واقیعیەکەی پی لەدەست داوی.

**لینین** :

هەروەها ووتیان کە من بوومەتە ترۆتسکیست. ها. ها. ها. ها.

**ترۆتسکی** :

ماوەیەك لایاندا،پاشان گەرانەوە سەر ریبازی نوی. خیمینیڤ و زینۆڤیڤ، بە وازهینان هەرەشەیانکرد، بەلآم وازیان نەهینا. هەمووان بەردەوام بوونو، توانیان یەکیتی پارت بپاریزن. سەرکردایەتی پیکەوەیی کارایی خۆی سەلماند، لەبەر ئەوەی کە تۆی تیدا بوو. لەبەرئەوەی کە ئەم سەرکردایەتییە هیزیکی کارا هاوکاری دەکرد، هیزی کارگەرانو سەربازان.

**لینین** :

پیتوایە کە ئەگەر منو تۆ بەدەستی پاسەوانانی سپی کوژراین، ئەوا پارت تیك دەشکیت؟

**ترۆتسکی** :

هیوادارم ئەوە ڕوو نەدات ؟

**لینین** :

گەر وامان دانا کە ئێمە نەبوایین، ئایا پێت وایە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەبێ ئێمە ڕووی نەدەدەدا ؟

( هەردووکیان بۆ چەند ساتێك بێدەنگ دەبن. سەمیردلۆڤ دێتە ژوورەوە، سەیریان دەکاتو دەگەڕێتەوە دەرەوە).

**ترۆتسکی** :

هەندێکجار دەڵێم بەڵێ. هەندێکجاریش دەڵێم نەخێر. لە فێبریوەریدا بەئاسانی دەست بەسەر پاشایەتیدا گیرا. ووزە بەتواناکان تەقینەوە. سەرکردایەتی نەبوو. بەدوای ئەوەدا بۆرژوازی بۆ ماوەیەکی کورت فەرمانڕەوایی کرد. دەوڵەتی کاتی پێکهێناو هیچ پەیوەندی بەگەلەوە نەبوو. سەرلەنوێ لەژێرەوە دەست بەکار بوونەوە. کاری تاکەکەسی. پشت بەخۆ بەستن. پێکهێنانی لێژنەکانی ڕاوێژکاری. ئایا لێرەدا ئێستاکە نۆرەی ڕۆڵی ئێمەیە. یەکخستنی کارە خۆبەخۆییە زۆرو زەبەندەکان و، گۆڕینی خەیاڵەکان بە ڕاستی ئەرکی ئێمەیە. کە بیانبەستینەوە بەسەرکردایەتی‌یەکی سەربازی یەگانەوە، ژمارەیەکی دیاریکراو پاسەوانی سوور سەرکردایەتی بکات. جەماوەر بەشداری شەڕ ناکات. بێجگە لەپێشڕەوانی پرۆلیتاریا کەس ناجەنگێت. چەند کەسمان بەشداری شەڕمان کردووە ؟ پێنج هەزار، دە هەزار. مێژوو نیوی چەند کەس زیاتر ناهێنێت. ملیونها کەس لەوانەی ناویان نابرێت ئێستاکە دەپرسن: ئایا مافیان دەخۆین ؟

**لینین** :

ناکۆکی‌یەکانمان چی‌یان بەسەرهات ؟ ئایا کۆتایی‌یان هات ؟

**ترۆتسکی** :

ئایا لەڕاستیدا ناکۆکی بوون ؟ یان ئەوەتا بەجۆرێ هەرلایەو هێزی بەرامبەرەکەی تاقیدەکردەوە ؟ بۆپێشەوە پاڵمان بەیەکترەوە نا. ئاگاداری بیروڕای یەکتربووین. ناکۆکی‌یەکانمان لەبۆچووندا یەکخستن. شۆڕش ساوا بوو. هەر دەبوو ڕوانگە ناکۆك‌و گریمانە جۆراوجۆرەکان لێکبدەن تاوەکو سەنگو سووکیان لەکاتی پەیڕەوکردندا دەرکەوێت. لەداهاتووشدا گێرەوکێشەو ناکۆکی ڕوو دەدەن ئایا ئەمە مانای لادانە لەمارکسیەت ؟

**لینین** :

ها. ها. ها. ها. تاوەکو سێبەری منت بەسەرەوە بێت . لەبەرئەوەی کە تۆ لە ئێمە نەبووی . تۆ بەخێرایی بەدوای مرۆڤدۆستە درۆینەکاندا بادداییەوە. ئایا هەوڵت دەدا پێشم بدەیتەوە ؟ بۆخۆت دەسەلآت بگریتە دەست ؟

**ترۆتسکی** :

لەوانەیە بیانووم بۆ ئەوە هەبوو بێت. من هێشتا لەناخمدا ئەو منالە یەهودی‌یە هەژارە (لیۆن برۆنشتاین)ی یانۆفسکاییم. ئەمە هاندەرێکی ترسناکە بۆ دەسەلآت‌و کنەکردن، سەختە بۆم وایدانێم کە شتێکی لەوجۆرەت تێدا نی‌یە. خواست. ئارەزووی خۆ سەلماندن. شنێکی لەمانەت تێدا نەبێت.

**لینین** :

هەریەك لە ئێمە بەستراوە بەوی ترەوە. بەلآم چەند ساڵێك زیاترم لەپێش نەماوە. مە سەردەمێك بەسەر دەبەین کە لەهەر ساتەوەختێکی‌دا وون دەبم. کاتێکیش کە دەمرم ئەوانی‌تر دانت پیا نانێن. باوەڕ بەخۆ بوونو، گرنگیدانەکانت بە نێونەتەوەیی پوچو بێمانا دادەنێن. کاری خۆیان دەکەنو، پشت گوێت دەخەن. ئەوکات دەبینین کە جەماوەری شۆڕشگێر چی دەگەیێنێت. بۆمان دەردەکەوێت کە ئەگەر لەپشتت بووەستن.

(دەنگی تەقەکردن. بەشداربووانی کۆنگرەی گشتی روسیە ، لەوانە: سەفیردلۆڤ، سەمیرنۆڤ، خێمێنێڤ، زینۆفیڤ، دزرژینسکی، ریکۆڤ، راکۆڤسکی، شلیابنیکۆڤ، مراچکۆڤسکی، مارتۆڤ، خینشۆك ئابرامۆڤیچ، ئێرکاردی کریمەر، دویچ، کوچین، پیترسۆن دێنە ژوورەوە. لەتەنیشتو چوارلای مێزەکە دادەنیشن. کۆبۆنەوەیەکی گەورەیە. هاتو هاوار. ترۆتسکي، لینین، خێمینێف و سەفیردلۆڤ لەناوەراستیدا دادەنیشن. سەربازێك نامەیەك دەداتە دەست ترۆتسکی.

**ترۆتسکی** :

بەناوی لێژنەی شۆرشگێری سەربازییەوە رایدەگەیێنم کە دەوڵەتی کاتی روخاوە.

( دەنگە دەنگی خۆشحاڵیو نارەزایەتی )

کێرنسکی بەئۆتۆمەبێلێك بەرەو کۆنسوڵێتی ئەمریکی هەڵهاتووە. پایتەختی بەجێهێشتووە. هەندێك لە شالیاران گیراون. لەماوەیەکی کورتدا ئەوانیتریش دەگیرێن. ئەوەندەی نەماوە دەست بەسەر کوشکی زستانەدا بگرین.

**خینشۆك** :

کۆشك بپارێزن. نەیروخێنن.

**دەنگێك** :

کوشکی زستانە ئازاد کرا.

**دەریاوانی یەکەم** :

نەروخاوە، ئەوەی پێویستبوو تەنیا گوللەی ئاگادارکردنەوە بوو. هاورێیان لەسەر کارەکەتان بەردەوامن بن.

**مارتۆڤ** :

لەپیلانێکدا لەسەر فەرمانرەوایی پێکهاتوون. گشت پارتە شۆرشگێرەکانتان

خستۆتە بەردەم ئەمری واقیع. بەبێ چارەسەری ئاشتیانە کێشەکە چارەسەر ناکرێت، ئەوەش بەپێکهاێنانی دەوڵەتێك دەبێت کە گشت هێزە دیموکراتەکان دانیپیابنێن.

**شلیابنیکۆف** :

مارتۆف مەڵێ پیلان. ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیە کە کارگەرانو سەربازانی پترۆگراد پێی هەستاون.

**مارتۆف** :

کۆنگرە لەژێر هەڕەشەی چەکدا ناگیرێت.

**خینشۆك** :

پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی کاتیدا بکرێت.

**ئابرامۆڤیچ** :

گەر ئەنجومەنی دامەزرێنەران هەڵوەشێنرێتەوە، لەووڵاتدا ئاژاوە بەرپا دەبێت. گیرۆدەی شەڕێکی ناوخۆیی دەبین.

**ترۆتسکی** :

لەگەڵ کێدا گفتوگۆ بکەین ؟ من دەڵێم لەگەڵ کێ ؟ لەتەك ئەوانەی کە وڕێنە دەکەن و لەدەرەوە دەبزوێن ؟ ملیۆنها کارگەرو وەرزێڕ لەم کۆنگرەدا نوێنەرن. ئایا گفتوگۆ بکەین بەم خەڵکانە لەتەك ئەو مشتە پەستەی کە هیچ کەس لەڕوسیە پشتیوانییان ناکات ؟

**ئابرامۆڤیچ** :

ئێوە نوێنەرایەتی گشت گەل ناکەن.

**ڕیکۆف** :

مە نوێنەری وانەین کە چارەسەریان بەدەستەو پەیوەستن بەمەسەلەکەوە. ئێمەی بۆلشەڤیك نوێنەرایەتی پڕۆلیتاریای شارو دێ دەکەین.

**مارتۆڤ** :

مه لەهەردوولا داوای شەر راگرتن دەکەین. هەروەها داوای پیکـهینانی بەرەیـەکی دیموکراتی یەکگرتوو دەکەین.

هەلچوون. پیکەنین. دروشمدان.

**دەنگیك** :

مەنشەفیکەکان هیشتاکه لیرەن ؟

**لینین** :

گەر هیندیـك لـەو هاوری‌یانـەی کـه باوەریـان بەبەرنامـەی مـه نی‌یـه هیشـــتاکه لــه نیوانمـاندان، باشـتروایه بۆیـان لەگـــەل هەلگـــەراوەو سازشـــکارەکان بکشـــینەدواوە. لەســـەر کارەکەمان بەردەوام دەبین. دەچینه سەر خالی دووەم.

( مارتۆڤ و ئابرامۆڤیچو خینشۆك هەلدەستنەوە ٩

**مارتۆڤ** :

ئەم کۆنگرەیه نارەوایه.

پیکەنین. هاوار. بالی راستی مەنشەفیکەکان دەست بەکشانەوە دەکەن.

**خیمینیڤ** :

رووداوەکان تۆمار بکەن ! مارتۆڤ و ئیبرامۆڤیچو خینشـوك لەگـەل بـالی راسـتی مەنشەڤیکەکان له کۆنگرەدا کشانەدواوە.

( یەکیك له تۆمارگـــەرەکان تیبینی‌یـەکان تۆمـار دەکـات. ترۆتسـکی رووی دەمـی دەکاته ئەوانەی که دەکشینەوە).

**ترۆتسکی** :

مایه پوچ بوون. رۆلتان بەسەرچوو. بگەرینەوه سەربنەوان، بۆ زبلدانەکانی میژوو.

( پیکەنین. دروشم ) . ( هیندیکیتر لەنوینەران هەلدەستنەوە).

**کریمەر** :

هەرگیزە، لەسایەی وەها بارو دۆخیکدا، نوینەرانی هاوپەیمانی کارگەرانی یەهودی لەم تویژینەوەدا بەشداری بکەن.

**خیمینیف** :

رووداوەکان تۆماربکەن ! نوینەرانی هاوپەیمانی کارگەرانی یەهودی لە هۆلی کۆنگرە چوونە دەرەوە.

**کوچین** :

گیانبازە سیاسییەکان ئیستاکە بریاری چارەنووسی نەتەوە دەدەن. سەربازەکان لەسەنگەرەکانیاندا پشتان ناگرن !

( دەنگی نارزایەتی، سەربازیك بەناوی پیتیرسۆن راوەستاوە )

**پیتەرسون** :

کوچین بەناوی کیوە قسان دەکەیت ؟

**کوچین** :

بەناوی گەلەکەمانەوە لەبەرەی شەر. مە هیچ لیپرساوەتییەك لەئەستۆ ناگرین کە لەسەر قوماربازی راوەستابی.

**پیتەرسۆن** :

گالەگال بەسە. تۆ نوینەرایەتی هیلەکانی پیشەوە ناکەیت. من هەر ئیستاکە لەویندەریوە دیم. مە بەوپەری بی ئارامییەوە چاوەروانین ئەنجومەنی سۆڤیەتەکان دەسەلآت لە دەست بگرن. ئەو نوینەرانەی کە هیچ کەس نەیناردوون تاوەکو نوینەرایەتی بکەن با لەکۆنگرەدا بکشینەدواوە.

( دروشمدان. کوچین دەچیتە دەرەوە، چەند نوینەر لەگەڵیدا دەڕۆن ).

**خیمینیف** :

هاوری ناوت چی‌یە ؟

**پیتەرسۆن** :

پیتەرسۆن، سەربازیك لە لافیتیا وە.

**خیمینیف** :

ڕووداوەکان تۆمار بکەن ! نوینەرانی لیژنەی هیلەکانی پیشەوە لە هۆلی کۆنگرە دەرچوون. کۆمەلەی شۆرشگیرە کۆمەڵایەتی‌یە ڕاسترەوەکان لە هۆلی کۆنگرە چوونە دەرەوە.

(هات و هاوار. دروشمدان. فیقەنە لیدان. نوینەریکی کارگەری دیتە ژوورەوە).

**کارگەری یەکەم** :

هاوری‌یان هەر ئیستا پیویستە مەسەلەی کالدین یەکلایی بکریتەوە. وی هەولی داخستنی ریگەی کانەخەلوزەکانی ناوچەی ئیلدون و برینی کۆمەكو پیداویستی‌یە خۆراکی‌یەکان دەدات.

**کارگەری دووەم** :

هیزەکانی کیرنسکی گەیشتنە گاچینا. وی لەپیشەوەی هیزیکی کەرتی کۆزاکەکاندایە کە بەرەو پترۆگراد دەکشیت.

( ترۆتسکی نامە دەنووسی‌و دەیداتە پۆستەچی‌یەکە. ڕووی دەمی دەکاتە شلیابنیکۆڤ و مراچکۆڤسکی ).

**ترۆتسکی** :

کۆمەك بنیرن بۆ میلۆتین لە مەیدانی کەلوپەل فرۆشی بۆ بازار.

( شلیابنیکۆڤ و مراچکۆڤسکی دەچنەدەرەوە. دەریاوانیك دیتە ژوورەوە ).

**دەریاوانی دووەم** :

کەرتی سییەمی سوارە بە شۆرشەوە پەیوەست بوو.

( دروشمدان. پۆستەچی بروسکەیەك دەداتە دەست ریکۆڤ ).

**ریکۆڤ** :

بروسکەیەك لە سوپای دوازدەهەمەوە. سلآو ئاراستەی کۆنگرە دەکات. پیکهینانی لیژنەی شۆرشگیرانەی سەربازی بۆ سەرپەرشتی بەرەی شەر لەباکوور رادەگەیینیت. دەولەتی کاتی هەولی داواکردنی فریاگوزاری سەربازیداوە، بەلآم تیپەکە هەولەکەی تیکشکاندوە. سەرۆکی بەرەی شەر لە باکوور، ژەنەرال شیریمیسیف رازیبووە کەخۆی بخاتە ژیر رکیفی لیژنەکەوە.

( دروشمدان. کۆمەلیك سەربازی کۆزاك – لەپیشەوەی شانۆوە دینەژوور ).

**سەرباز**:

ئیمە نوینەرایەتی ئەو تیپانە دەکەین کە دەولەتی کاتی بۆ پترۆگراد ناردونی. بریارمان داوە بە پاریزگارانی شۆرشگیری پترۆگرادەوە پەیوەست بین.

( دروشمدان. نوینەرەکان یەکتر لەباوەش دەگرن. ترۆتسکی رادەوەستیت).

**ترۆتسکی** :

کۆنگرە تەواوی دەسەلآت دەداتە دەست ئەنجومەنی سۆڤیەتەکان. چارەنووسی کارگەران و وەرزیران و سەربازانو شۆرش ئیستاکە لەئەستۆی ئیوەدایە.

( خیمینیڤ هەلدەستیتەوە ).

**خیمینیڤ** :

هاوری لینین.

( لینین لەنیو شەپۆلی دروشمو چەپلەریزاندا هەلدەستیتەوە. سەری ریز نواندن دادەنەوینیت، هەردوو دەستی لەسەر چاوانی دادەنیت، دوای ئەوە هەردوو دەستی خۆی

لەسەر میزەکە دادەگریت ).

**لینین** :

ئیستاکە بەرەو پیکهینانی سیستەمی سۆشیالیستی هەنگاو دەنیین.

( دروشمدان )

هاوری‌یان : شۆرشی کارگەرانو وەرزیران کە بۆلشەفیکەکان سووربوون بانگەوازی بۆ بکەن بە دەستوبردو خۆراگری بوو بە راستی‌یەکی سەلمیندراو. دەولەتیکمان لە سۆڤیەتەکان دەبیت کە بورژوازی هیچ رۆلی تیدا نی‌یە. جەماوەری ستەمدیدە جلەوی سەرکردایەتی دەگرنە دەست. دەزگەی دەولەتی کۆن تیك دەشکیتو لەسەر ویرانەکەی شیوەیەکی نوی لە دەولەت کە ریکخستی سۆڤیەتەکان پیکی دینن. وولآتانی دەست بەسەر لە ئاسیا، گەلانی ژیرچەپۆك بەوپەری بی ئارامی‌یەوە چاوەروانن، هەروەك چۆن پرۆلیتاریا لە ئەوروپا چاوەریی رووخانی دەسەلآتی سەرمایەداری دەکات. ئەرکی میژوویی دەکەویتە ئەستۆی کارگەرانو وەرزیران لە روسیە، کە ریکخستنی ئەم هیزانەیە لەچوارچیوەی شۆرشیکی جیهانی‌دا. کلپەی شۆرشی ئۆکتۆبەر دەبیتە نیلەو تاوانبارانی ئەم شەرە جەنگەلی‌یانە دەپروزینی‌و دەسەلآتیان لەناو دەبات.

( دوشمدان )

هەروەها دەولەتی کارگەرانو وەرزیران کە لە نوینەرانی کارگەرانو وەرزیرانو سەربازان لە ئەنجومەنی سۆڤیەتەکاندا پیکهاتووە گشت دەولەتە شەرکەرەکان بۆ گفتوگۆیەکی دەستبەجی لەپیناو بەرقەرارکردنی ئاشتی‌یەکی تەواو و دیموکراتی‌یانە بانگەواز دەکات، دەولەتەکەمان بەردەوام بوونی ئەم شەرە کە یارمەتی دەولەتە زلهیزو دەولەمەندەکان دەدات بۆ دابەشکردنی دەولەتە لاوازو تیکشکاوەکان لەنیوان

خۆیاندا، بە گـەورەترین تـاوانی بیپـەردە بەرامبـەر مرۆڤایـەتی‌دا دادەنیـت. پیویسـتە ئاشـتی لەسەر بنەمای پاراستنی گشت مافەکان بەبی هەڵاواردن بۆ دەولەتان بەرقەراربیت.

( دروشمدان )

دەولەتی کارگەرانو وەرزیران هەلوەشاندنەوەی دیپلوماسـیەتی نـهینی ڕادەگـەیینیت و خسـتنەڕووی نـاوەرۆکی گشـت پەیماننامـە نهینی‌یـەکان لــە ئەسـتۆ دەگریـت. پشــت بــە هەلوەشاندنەوەی دەستبەجیی پلەوپایە تایبەتەکان کە ئەم پەیمانانــە بـە مولکـدارو پیشـەوەرە روسەکان بەخشیویەتی دەبەستیت هەروەك هەلوەشاندنەوەی هەتا هەتایی مولداریتی تایبەتی.

( دروشمدان)

هەروەهـا دەولـەتی کارگــەرانو وەرزیــران وەك خــالی ســەرەتایی بــۆ گفتوگــۆ، ڕاگەیاندنی هودنەی دەستبەجی پیشنیار دەکــات. مـە بانگەوازەکـەمان بەشـیوەیەکی تایبـەت ئاراستەی کارگەرانی خاوەن هوشیاریی سی وولآتانی فرە پیشکەتوو، واتە بریتانیا و فەرەنسـە و ئەلەمانیا دەکەین. بروای تەواویشم هەیە کە وان هەنگاوی گرنگ هەلدەگرن بــۆ هاریکاریمـان لە ئاشتی بەدیهینانـدا ، پاشان رزگارکردنی گشت کۆیلان.

( دروشمدان)

**زینۆڤیف** :

ئەوەی بە پیشنیارەکانی هاوری لینین رازیە، با دەستی بەرز بکاتەوە .

( هەمووان دەست بەزر دەکەنەوە. لە هــەردوولاوە سـەربازانو دەریاوانـان دینـە ژوورەوە دەستو کلآوەکانیان بەرز دەکەنەوە. سروودی ئەنتەرناسیۆنال دەچرن ).

( لەکاتی سروود چرینەکەدا تیپیك سەرباز، جۆرە پۆشاکیکیان پۆشیوە کــە هـی کۆتـایی بیستەکانە، بە نیوان هەمووانـدا تیدەپەرن، تیپەکە چوارلای ترۆتسکی دەدەن. دوو ئەفسەر

دەیدەنەبەر  پاش ئــەوەی پـەلی دەگـرن. سـروودەکە کۆتـایی دیـت. هـەمووان لـە دەوروبـەری ترۆتسکی دوور دەکەونەوە، بیجگە لە لینین کــەس لـەکنی نامینیتـەوە. ئەفسـەریك نـاوەرۆکی نامەیەك کە بەدەستی‌یەوەیە دەیخوینیتەوە، لەگەل ئەوەی کە هیچکەس ناجوولیتەوە.

**ئەفسەرەکە** :

هاووڵآتی لیۆن داڤیدۆڤیچ ترۆتسـکی بـەپیی خـالی ٥٨/١٠ لـە یاسـای سـزادان، بە چالاکی دژە شۆرشی لە ریکخستنی پارتیکی دان پیانەنراودا دژبـە سـۆڤیەتەکان تاوانبـارە، لەم دوایانەدا ئەم پارتــە چالاکی‌یـەکانی ئاراسـتەی هـەلخرانی کارگـەران دژی سـۆڤیەتەکانو ریکخسـتنی خـەباتی چەکدارانـە دژ بـە دەسـەڵآتی سـۆڤیەتی کــرد. لەبــەر ئــەوە بریــاری دوورخستنەوەی هاووڵآتی لیۆن داڤیدۆڤیچ ترۆتسکی لەگشت ناوچەکانی کۆمارە سۆڤیەتی‌یەکان دەدریت.

## راگەییندراوی ٢٠ی دیسەمبەری ١٩٢٩.

( ئەفسەرو سەربازەکان ترۆتسکی بەرەو دواوە راکیش دەکەن.  بـەرگری دەکـات. هـەلیدەگرنو دەچنە دەرەوە. لینین بەتەنیا بەدانیشتوویی لەتەنیشت میزەکەدا دەمینیتەوە،. هیچکەس ئـاور لە کومەلەکە ناداتەوە ).

**کۆمەکی هاوڕێیان**

**ئالمان :باوکی سایە ( ٥٠ ) مارك**

**بریتانیا : زاهیر باهیر ( ٥ ) پۆند**

**جاسم هەورامی ( ٥ ) پۆند**

**دلخواز موحەمەد( ٥ ) پۆند**

**سوید : جەواد عەلی ( ٤٠ ) مارك**

# شیعر لای شاملوو

و.ناسری حیسامی

**ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، بریتییە لە بیروڕای شاملوو لەبارەی شیعرەوە، کە لە پێشەکی "تا شکوفەی سووری کراسێك" دا هاتووە، کە کۆمەڵە شیعرێکی "ئەحمەد شاملوو"ن و بەڕێز "ناسری حیسامی" وەرگێڕاوەتە سەر کوردی. ژیلەمۆ**

من دەستم گەیشتوەتە شیعرو حەز دەکەم تۆزی کیش و سەروا ڕوونایی لیل نەکا.

گۆزە هەڵبەت دەکری زۆر گرانبایی بی، بەڵآم من تینویتیم بە ئاو نەبی ناشکی. ئەوانەی بیر لە نەقش و نیگاری گۆزە دەکەنەوە تینوو نین، یان گۆزە فرۆشن یان لاسایی تینووان دەکەنەوە.

شیعر هەمیشە "نایە". ئیمە ماڵمان لە ولآتیکە کە هەوران تەنیا جاروبار دەبارن ـ بۆیە هەتا هەوریك دەگرمینی، دەسبەجی سەتل و تەشت و هەرشتیکیترمان لەبەر دەست بی دەیبەینە بەر باران.

زیاتر مەلەی نیو کانیاوی زولآلم پی خۆشە هەتا خۆ شۆردنی نیو حەمامی دەولەمەندانەی بە حەوزی چینی و لوولەی زیو.

کۆیلەفرۆش نیم هەتا کەنیزەکەکان برازینمەوە بۆ ئەوەی دلبەری بکەن و سەرنجی عاشقان بزوینن. من ئەو عاشقەم کە بە دلداری خۆم گەیشتووم. چاوم لە گوارە و نیمتاجی سەر زولف و ئەگریجە نیە، چاوم لە جل و بەرگی زیو دۆزی نیە، جل و بەرگی فری دەدەم و لەشی گەرمی لە باوەش دەگرم. دەشلیم ئەی خۆزگە سوورایی لیوی دلدارەکەم گەردی "رەنگ"ی لی نەنیشتبی. گەردنی بەبی ملوانکە و بەرموور جوان بی و گویی بی گوارە و لەشی بەبی بەرگی دەسکردی وەستای ناشارەزا.

بەڵام هەندێك کەسـان هـەن ئەمـەم لێ بـە عـەیب دەگـرن. بـا هـەر لـێرەوە بلێـم بەتـەمای بەدەست هێنانی دڵی ئەو کەسانە نیم.

هەر شتێك دیارە بۆ خوازیاری خۆی چاکە.

بەڵام بەراستی ئەوەش قسەیە دەیکەن ؟ ئەوانە دەلێـن چـی ؟ دەلێـن لەبـەر دڵـی کـابرای گەوجە دڵتەری دراوسێم کە حــەز بـە کچـی قەڵـەو و سپی و سـۆل دەکـا،کچـە باریکەڵـە و ئەندام شووشەکەی خۆم ناچارکەم خۆی قەڵەو کا ؟ لە حالێکدا پێـم خۆشـە کـابرای دراوسـێم لە حەوت جیوە شەق بەری ؟

ئەحمەدی شاملوو لەزمانی خۆیەوە شیعر چیــە و چۆنـی دەبینـی ؟ ئەمـە پرسـیاریکە هـەر جارە نا جارێك لێم دەکری. بەداخەوە من بۆ ئــەم پرسـیارە ئاشـنایە وەڵامیکـم نیـە و تـا ئـەو جیگایەی ئاگادارم کەسانیتریش وەڵامیکیان بەم پرسیارە نەداوەتەوە. هیشتا هیچ کـەس نـەی وتوە شیعر چیە ؟ پیشـینان پیناسـەیەکیان بـۆ شـیعر بـوو. بـەڵام ئـەمرۆ تیگەیشـتنی ئیمـە شتیکیترە و جیاوازی هەیە لەگەل ٦٠–٥٠ سالی لەوەوپیش.

سەرەتـا باسـی بۆچوونـی پیشـینان دەکـەم هـەتا دواتـر جیاوازیـیـەکان نیشـان بـدەم. لــە بۆچوونی ئەوان هەرچی قەبوولمان نیە دەری دەهـاویم، ئـەوەی لـەبن کاسـەکەدا دەمینیتـەوە بۆچوونی ئیمەیە.

باپیرانی ئیمە، هەموو کەلامیکی رازاوەی خاوەن کیش* و سەروایان** بـە شـیعر دەزانـی. بـۆ نموونـە باپـیرم کـاتیك ئـەم شـیعرەی دەخوینـدەوە لەخۆشـیان هـەموو گنجـی نیوچــاوانی دەرەوییەوە:

**قیامت قامت و قامت قیامت بدین قامت بمانی تا قیامت** (١)

بەڵام من لەبەر ئەوەی نەم دەویرا بەم بـێ زەوقی‌یـە پـێ بکـەنم، خـەریك بـوو لـە هـەموو شیعریك بیزار دەبووم.

زۆر شیعری‌تریش هەن کە باپیرم حەزی لێ دەکردن و رەنگە ئەگـەر چـەند شـیعریکیان بـە نموونە باس بکەم مەسەلەکە رۆشنتر بیتەوە:

**دوستان شرح پریشانی من گوش کنید**
**قصه بی سروسامانی من گوش کنید** (٢)

کە شیعری " وحشی با فقی"یە. یان ئەم بەیتەی "      می" کە باپیرم ئامۆژگاری ئیمەی پێ دەکرد:

**دانش طلب و بزرگی آموز**
**تا به نگرند روزت از روز** (٣)

یان ئەم بەیتەی " شیخ سەعدی "،

**زنبور درشت بی مروت را گوی**
**باری چو عسل نمیدهی نیش مزن !** (٤)

هەلبەت ئەمانە قسەیەکن حیکمەتیان تیدایە. لەبابەتی پەند و ئامۆژگاری و شتی‌وان. بەلآم هەرچی بێ، بەبێ ئەوەی کارم بەچاك و خراپیان بێ، ئیمە نەسلی ئەمرۆ لیمـان روونـە کـە ئەمانە شیعر نین. وای دانێ " ئەم شیعرانەی باپیرم " لە کیش و سەروا داتەکینێ، چییـان لێ دەمینیتەوە ؟ دەتوانن تاقی بکەنەوە !دەبیتە:زەردەوالەی زلی ناپیاو بلی ئەگەر هەنگوینت نیە پیوەشمان مەدە ! جیاوازی ئەم رستەیە لەگەل ئەو شتە کە باپیرم دەیخوینیتەوە چیە ؟ هیـچ. بیجگە لە شکلی دەریرین. یانی باپیرم هەرچی کیـش و سـەروای بوایـە بەشـیعری دەزانـێ و هەرچی وا نەبوایە پییان دەگوت پەخشان. هەر بەو سادەیی‌یە کە هیلکە ئەگەر بیشلقینی

دەبیتە شلكینەو ئەگەر نەیشلەقینی دەبیتە هیلكەورۆن !

ئەدەبیات دوو بەشی نەزم و پەخشـان دەگریتەبـەر. شـیعر دەتوانـی بەنـەزم بنوسـری یـان بەپەخشان، بەڵام نەزم و شیعر دوو بابەتی جیاوازن. بەداخەوە تا ٦٠–٥٠سـاڵ لـەوەپیش لـە زەینی ئیمەی فارسی زمان دا مانای شـیعرو نـەزم تیکـەڵ دەكـرا. هـەر قسـەو دەربرینیـك كـە كیشی بوایە بە شیعرمان دەزانی. بۆ نموونە بەم بەیتەی **حافظ مان** دەگوت شیعر:

**با همه عطر دامنت آیدم از صبا عجب**

**کز گدر تو خاك را مشك ختن نمیکند** (٥)

ئەم بەیتەی سەعدی شمان بە شیعر دەزانی :

**نه بر اشتر سوارم، نه چو خر به زیر بارم**

**نه خداوند رعیت، نه غلام شهریارم** (٦)

لەسەرەتاوە كە ئیمە دەستمان دایە نووسینی شیعری بیكیش و سەروا، ژمارەیەك لـەزانایان كە لە هەموو داهینانیك و لەهەموو شتیكی تازە بابەت دەترسان و دیارە ئەم جـۆرە شـیعرەیان بەدڵ نەبوو وتیان : " ئەوەی نووسیوتانە هەر شیعر نیە". دەمانپرسری : " ئـاخر بـۆ ؟ ". پی دەكەنین، یان باشترە بلیم پیمان پی دەكەنین و دەیانگوت : " ئیوە ئەوەندە نەخویندەوار و گەوجن كە نازانن ئەوەی نووسیوتانە پەخشانە !". بەم جۆرە گریی كارەكـە دەر دەكـەوت. ئەوان شیعر و پەخشانیان لیك جیا نەدەكردەوە. لەروانگـەی ئەوانـەوە هـەر قسـەیەك كیـش و سەروای بوایە شیعر بوو، هەر قسەیەك نەیبوایە پەخشان بوو.

ئەمرۆ خوینەری شیعر دەزانی كە جیاوازی نیوان شیعر و ئەدەبیات تەنیا " مـنـطـــق"ی شاعیرانەیە نەك كیش و سەروا و سەنعەتی كەلام.

ئیمە لە ژیانی ئاساییدا زۆر شت دەبیستین. هەندیك لەوشتانە بەرەورووی هەست و

خۆشەویستی‌مان دەبەنەوە و بە بی ئەوەی هیچ کاریکی تی بکەن، دەکەونە بەر مەحەکی تەجرەبە و ئەزموون و **منطق** و ، یان رەت دەکرینەوە یان قەبوول دەکرین یان هەر لیی ئاگادار دەبین : "ماست ترشە". " پیاویکی بالآ بەرز لەوسەری کۆلآنەکە راوەستا بوو ".
بەلآم هەندیك قسەش دەبیستین کە بە پیچەوانەیە. هەندیك قسە کە لە سنووری **منطـق** و ئەزموون و بەراورد تیپەر دەبی و بی ئەوەی هیچ پیویستی بەمانە بی راستەوخۆ هەست و خۆشەویستی دەهەژینی : "وشەی دایك بۆنی بەهەشتی لي دی ". ئەمە شیعرە. بەهەموو وجوودمانەوە دەیسەلمینین و بە بیستنی حەزیك لە گیانمان دەگەری. دەنگمان تیکەل دەنگی خاوەنی ئەو قسەیە دەکەین و لە دلی خۆمان دا دەلیین هیچ کەس لە زمان فەرزەندەیکەوە ئاوا باسی دایکی نەکردووە. بەلآم کە بە وردی چاوی لی بکەین دەبینین لە تی‌گیشتنی ئەم رستەیەدا نە **منطق** دەوری هەیە نە ئەزموون و نە قیاس. چونکە نە وشە بۆنی هەیە، نەکەس دەزانی بۆنی بەهەشت چۆنە، بەلآم وشەی دایك بە راستی بۆنی بەهەشتی لی دی.
من پیم وانیە کیش بەشیکی زاتی و پیویستە بۆ شیعر یان کیش پیوانەیە بۆ هەلسەنگاندنی شیعری چاك و خراپ، بەلکو و بە پیچەوانەوە پابەند بوون بە کیش، زەینی شاعیر بە لاریدا دەبا، چونکوو کیش بەناچار تەنیا بەشیکی کەم لە وشەکان دەگریتە خۆی و زۆر وشەی تر وەرناگریو دەرگایان لەسەر دادەخا.

لە حالیکدا رەنگە هەر ئەو وشانە کە لەوکیشەدا جیگایان نەبووتەوە، شاعیر بۆ دەربرینی مەبەستی خۆی پیویستی پییان بی. وای دانیین کە شیعری کال و جلەو نەکراو لە لافاویك دەچی. یانی ئاویك – کە چەند دلۆپ تیکەل بوون و پیکیان هیناوە – بە نشیوی زەینی شاعیردا دیتە خوار. کاتیك ئیمە کیشیکی دیاریکراو بۆ شیعر لەبەر چاو بگرین، وەك ئەوەیە کە بۆ ئەم لافاوە ( کە دەبی ببیتە رووباریك ) دۆلیکی قوول هەلکەنین. بیکەینە

بەستینی ئاوەکە هەتا ئاوەکە بە هیچ جێگایەکی تردا نەروا و بگاتە جێگایەك کە مەبەستمانە.

باشە، ئەگەر وابێ کێش تەنیا "بەند و بناوانیکە" بۆ پێش گرتن بە لافاوەکە. ئەمە بە لاری دا بردنی ڕەوتی ئاساییی و پێش گرتن بە ڕەوتی خەڵلاقانەیە. لافاو دەبێ هەموو بنار و پێدەشتەکە داگری هەتا بەرە بەرە بەستێنی خۆی ئاو درکا و وەك ڕووبارێك سەفەری خۆی دەست پێبکا نەك ئەوەی کە خرو دۆڵیك لەپێشی دا ساز بکرێ.

بەڵام سەروا جاری وایە زۆر جوانە. ئەگەر دەسکرد و بە زۆرە ملی نەبێ یارمەتی بە دەربڕینی مانا دەکاو لەبەر ئەوەی زەین د ەباتەوە سەر شتی پێشووی، خێرا خوێنەر دەباتە وشەیەکی تایبەت کە مەبەستی شاعیرە. هەربۆیە سەروا بەلای منەوە گرینگییەکی تایبەتی هەیە و جگە لەوە حوزووری سەروا – بە مەرجێك خۆی هەڵقوڵیبێ – مۆسیقای شیعریش ڕەوانتر دینێتە بەر گوێ.

هەر بەرهەمیکی هونەری، قەوارەی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێ ڕێگاکەی بدۆزرێتەوە هەتا هەر بابەتێك لە قالب و قەوارەی گونجاودا بخەملێ. ئەوەی کە قەوارەیەکی گشتی دیاری کراو بۆ شیعر لەبەرچاو بگرین وەك ئەوەیە کە بۆ "میوە" شکل و قەوارەیەکی تایبەت دیاری بکەین. بۆنموونە قەوارەیەکی تایبەت لەبەرچاو بگرین و بڵێین هەر میوەیەك دەبێ شکل و قەوارەی ئاوا بێ بەڵام تام و بۆنیان جیاواز بێ. من دەڵێم : نە . سێو لە سێو دەچێ و شکلی سێوی هەیە لە حاڵێك دا کالەك هەموویان لە شکلی خۆیانن و هەموو چەشنە ترێیەکیش هەر لە شکلی خۆیانن. جا ئەگەر کەسێك هات و بەزەحمەتێکی زۆر و بەڵێك پەیوەندکردنی چەند بنەدار، میوەیەکی بەرهەم هێنا کە شکلەکەی لە هیچکام لە میوەکانی پێشوو نەچوو چ خەتایەکی کردووە ؟ بۆچی دەبێ لەسەر ئەوە پێ دابگرین کە " میوە " ئیللا و بیللا دەبێ شکل و قەوارەی لەپێش دا دیاریکراوی هەبێ، لەحاڵێك دا هەر بەم قەوارە

بەزۆر دانەتاشراوەیشەوە هەرمیوەیە. بەپێچەوانەوە هەرمییەك کە لــە گــەچ دروسـت کرابـێ، سەرەرای ئەوەی کە شکل و رەنگی بەشیوەیەکی سەرسـوورهینەر لـە هـەرمی دەچـێ بیگومـان هەرچی بـێ هـەرمی نیـە. هـەر بـەم پێیـە نووسـراوەیەك دەتوانـێ ـ تەنانـەت بەشـیوەیەکی موعجیزە ئاسا چرو پر بێ و کیشــێ وەك ئـاو رەوان بـێ و پـر بـێ لـە وردەکـاری و داهینـانی جوان ـ هەموو شیك بێ بیجگە لە شیعر .

نابێ پیمان وابێ دەتوانین هونەروەران بە قسەیەك کە لەباری **منطقی**یەوە شـیعر نیـە بـەلآم کیش و سەروای هەیە فریو بدەین و بەناوی شیعرەوە چاوی هونــەروەرانی پـێ ببەسـتین و بـە کەلك وەرگرتن لە زمان و سەنعەتی کەلام و پیشەسازی وشـە شـتیکی وەك ئەمـەی خـوارەوە بەناوی " شیعر " داتاشین :

**گفتی بە غمم بنشین یا کز سر جان برخیز**

**فرمان برمت جانا ، بنشینم و برخیزم**

گۆتە دەلێ : " من ریزم هەیــە بـۆ کیـش و سـەروا کـە روالـەتی وشـە وا دەرازیننــەوە وەك شیعر بنوینێ. بەلآم قولآیی و رەسەنایەتی شیعر تەنیا لەو جەوهەر و ناوەرۆکە بەرزەدایـە کـە ئەگەر شیعریك لە زمانی ئەسلییەوە ـ یانی لە زمانی خودی شـاعیرەکەوە ـ وەرگیرنـە سـەر زمانیکیتر لە پالوینەی تەرجەمە تیپەر بێ، بە بێ ئەوەی هیچی لێ کەم بیتەوە."

هەلبەت زۆر شیعریش هەیە کە خۆی بۆ وەرگیران بە دەستەوە نادا و وەهــا رەگ و ریشـەی داکوتاوەتە نیو تان و پۆی زمانە ئەسلییەکە، کە بە هیچ شیوەیەك ناکری وەری گیریتە سـەر زمانیکیتر. بەلآم من بەیتی زەردەوالەکەم هینا تەنیا کیش م لێ داتەکاند و دیتان چــێ بەسـەر هات .

دیتووشمانە بابایەکی بیکار هاتەووە ناوی هەر دوازدە مانگەکەی کردۆتە شیعر :

چون حمل ، چون ثور ، چون جوزا ، سرطان و أسد
سنبله ، میزان ، عقرب ، قوس و جدی و دلو و حوت !!

جا دەبی ئینسان دەمــی بـۆ پـان بکاتــەوە ن یـش بـە " سـەرەتتان " بخوینیتـەوە.
جیگای باپیرم خالی !

پەخشان وتەیەکە کــە کیشـی نـەبی. یـان سـەرجەمی برگـە کـورت و دریژەکـانی دابـەش نەکریتە سەر واحیدیکی کیش : " لـە ولآتـی یۆنـان کـاروانیك چەتـە تـالآنی کـرد ". ئەمـە پەخشانە. پەخشانیکە کە ناوەرۆکەکەی شیعر نیــە. بـەلآم ئەمـەی خـوارەوە پەخشـانیکە کـە ناوەرۆکەکەی شیعرە :

عفونتت صبری ست
کە پیشە کردەای
بە هاویە وهن (٧)

کە وایە ناکری بلیی هەر شتیك پەخشان بوو، شــیعر نیـە. بـەلآم شـیعر، چ نـەزم بـی و چ پەخشان بی، وتەیەکە بە بی یاریدەی **منطق** دەتوانی بە تەواوی هەست ببزوینی. ( وا دیــارە دەگەینە جیگایەك بۆ پیناسەی شیعر).

وشە لە شیعردا نوینەر و نیشاندەری شت نیە، بەلکوو خودی ئــەو شـتەیە کـە لـە بـەرگی وشەدا دیتە ناو شیعر. خوینەری شیعر ئەگـەر ئەمـە نـەزانی بەشـی هـەرە زۆری شـیعرەکەی لەکیس دەچی.

لە " عبید زاکانی " دەگیرنەوە کە: " کابرایەك پرسی قیمە بە قـاف بکـری باشـە یـان بـە غەین ؟ وتی کاکی برا، لە قـاف و غـەین گـەری، قیمـە بـە گۆشـت بکـری باشـە! " منیـش قسەکەم شتیکە وەك وەلآمی ئەو کابرایە. مەبەستم ئەوەیە لە شیعردا بە راستی قیمە بە

گۆشت دەكرێ.

نموونەیەك ؟

بروانن من دەلیم قەناری. ئەم قەناری‌یە قاف و نوون وچەند دەنگ و دەنگ بزوین نیە. موعجیزەیەكی ژیانە. وشەكە لەولا دانی و لیی گەری. لە قەناری بروانە. قەناری بینە بەرچاوی خۆت. خودی بالندەكە بە سەرتاپیی گیانتەوە هەست پی بكە. رەنگەكەی بە چاوت بخۆ. گۆرانی‌یەكەی بە گیانت هەلمژە. كاتیك دەخوینی تەماشای بكە. بیر لەو كول و كۆیە بكەوە كە تەواوی گیانی خۆی دەنیتە نیو گۆرانی‌یەكەی. جوانی لەشی ئەم جەستە زیندووە پر كول و كۆیە بینە بەرچاو هەتا لە مانای جوانی بگەی. تازە ئەمەش هەمووی نیە. ئەمە سەرەتایە بۆ ئەوەی بە قولآیی مانای پاكی و بیگەردیدا رۆچی تا بەزەیی لە قولآیی دلت دا بهەژیو بەتەواوی ئینسانییەتی خۆتەوە بەرامبەر بەم " گیانی مۆسیقا "یە چۆك دادەی و سوجدەی بۆ بەری.

شاعیر بەچی دەخەملی ؟ خوینەری شیعرەكانی پەروەردەی دەكەن یان كۆمەل و شوینی ژیانی ؟

نازانم بەلآم لەبابەت خۆمەوە دەتوانم بلیم فیربوونی مۆسیقا لەسەر دلم بوو بەگری و پەنام بردە بەر شیعر. من دەبوو ببم بە مۆسیقار بەلآم نەكرا. ئیستا با نەچمەسەر ئەو باسە بەلآم مەسەلەیەكی‌تر كە بە شیوەیەكی چارەنووس ساز كاری كردە سەر ژیانم ئەوە بوو كە بە هەلكەوت جاریك شەللاق لیدانی سەربازیكم دیت لە شاری " خاش " بە تەپل و شەیپوور و خەبەردار و بە راست راست و بە چەپ چەپ.

باغیك بوو لە " خاش ". پییان دەگوت باغی دەولەتی. ئیوارانە خزمەتكارەكەمان من و خوشكەكانمی بۆ پیاسە دەبردە ئەو باغە.

سەربازخانەی خاش لەوسەری باغەکە بوو. هیچ دیوار و پەرژینیکی بە دەورەوە نەبوو. ٦ ساڵان بووم بەڵام ئەو دلرەقی‌یە کە ئەو کات لە ماناکەی نەگەیشتبووم هەتا ئیستاش لەبەر چاومە. ئەو کات بە گریان و هاوار کردن خۆم لە باوەشی خزمەتکارەکەمان هاویشتبوو. ئەویش کە زانیبووی هەر ژیر نابمەوە هینابوومیەوە مالی. بەڵام ئەو سەربازەم هەر لەبەر چاو بوو کە لەسەر تەختیك لەسەر زگ راکشا بوو. یەکیك لەسەر ملی دانیشتبوو یەکیکی‌تر لەسەر قاچەکانی و بە قەمچی‌یەکی چەرمی دریژ بیرەحمانە لییان دەدا. دەمی ئەو سەربازەم هەر لەبەر چاو گوم نەدەبوو. هەرجارە کە قەمچی‌یەکی لی دەدرا دەمی دادەچەقی، لار دەبووەوە، ویك دەهات و دەکرایەوە بەڵام زرمەی تەپل و هورەی شەیپوور نەیاندەهیشت دەنگی بەگویی هیچکەس بگا. گۆیا ئەو شەوە هەر گریا بووم و خەو نەچووبووە چاوم و هاوارم کردبوو هەتا باوکم دوو زللەی لیدا بووم و لە ترسان خۆم مات کردبوو .

چوار سال دواتر کە مەیلی یەکجار زۆری بەریوەبەری مەدرەسەکەمان ( هەر ئەم ئاغای محمد باقری شریعتی‌یە) بەلیدان و تەمبی کردن، لە ژیان بیزاری کردبووم، دیسان ئەو ماجەرایەم وەبیرهاتەوە و ئەمجار ئیتر زۆر تفت و تال بەڵام ئەمجار خۆمم لەژیر زەبری قەمچی‌دا دەدیت. یەکەم جار کە چیرۆکی هابیل و قابیلم بیست پیم وابوو خۆم لە شاری " خاش " بە چاوی خۆم ماجەراکەیم دیتوە. جاری وا بووە ئەو ماجەرایە مانای نەفرەتی بۆم بووە و جاری واش بووە هەست بەبی تاوانی کردن، و زیاتر، ئەم رووداوە وای لیکردم لە قووڵایی شتیك بگەم کە ناوە پر ژانەکەی " سووکایەتی " یە

کاتیك لە بەندیخانە خەبەری ئیعدامی " **مرتضی** کیوان * "م بیست ئەو رووداوەم وەبیر هاتەوە. کاتیك وینەی **مرتضی** کیوان م دیت کە دەمی کردبووە و شیعاری دەدا و لەدارەکە تەناف پیچ کرابوو، دەمی ئەو سەربازەم هاتەوە پیش چاو: دەمیك کە هاواری دەکرد بە بی

ئەوەی بگاتە گوێی هیچکەس.

بەم جۆرە ڕووداوێکی ڕۆژانە کە من لە تەمەنی ٦ ساڵەیی‌دا بە هەڵکەوت دیتبووم، بە تەواوی بووەتە ژێر بینای فیکر و بیرو بۆچوونی من.

یەکێك لەو کەسانەی کە لەکاتی شەللاق لیدانی ئیوەدا بە خەیالی ئاسوودەوە دی لەسەر ئەستۆتان دادەنیشی، جاریك نازانم خەوی دیتبوو یان لیی گۆڕا بوو هاتبوو لە بابەت کۆمەڵە شیعریکی من نووسیبووی : " سەروبنی قسەی شاملوو باسی سوکایەتی‌یەکە کە دەرهەق بە ئینسان دەکری و شاملوو بە تەمایە تۆڵە لەم سووکایەتی‌یە بکاتەوە ".

واقیع بینانەترین قسەیەك کە هەتا ئەمڕۆ لە بابەت شیعری منەوە کراوە هەر ئەمەیە بەڵآم بەداخەوە لە قەڵەمی هەڵپەرستیکەوە هاتۆتە سەر کاغەز.

دەتوانم بلیم بەرهەمەکانی من، خۆیان ژیاننامەیەکی تەواون. من بروام بەو حەقیقەتە هەیە کە شیعر جۆرە بۆچوون و ڕوانینیك بۆ ژیان نیە بەڵکوو ڕاستە و ڕاست هەر خودی ژیانە.

لە بابەت ئەو شتەوە کە زەمینەی گشتی و لە ئەنجام دا زەمینەی سەرەکی شیعری منی پیك هیناوە دەتوانم بە سادەیی بلیم :

هەر لە زووەوە، سەراسەری ژیانی من بیجگە لە نیگەرانی و دلخورپە هیچی‌تر نەبووە. دیتنی دەستەنگی و بی عەدالتی و بی فەرهەنگی، لە هەموو ژیانم دا، داوی دەست و پیی ئەو زیندە خەوانەم بوون کە لە بیداری‌دا دیومن. بیجگە لەمە هیچی‌ترم نیە بیلیم. باقی شتەکان هەموویان لاوەکین و دەکەونە حاشیەوە. عەدالەت دەغدەغەی هەمیشەییم بووە و پیم وایە هەربۆیەش بی عەدالەتی هەمیشە خەریکە بە جۆریك تۆڵەم لی بستینیتەوە، ئەو گیاندارە سامناکە کە بە دەوراندەورم دا دی‌و بە جیگا پی‌یەکانی تەلیسمیك بە چوار دەورم دا دەکشی تا قەت نەتوانم فەرامۆشی کەم. لە پەیوەندی نیوان دایك و باوکمەوە هەتا پەیوەندی

ئەوان لەگەل من و خوشکەکانم و، پەیوزەندی من و مندالـەکانم، هـەتا پـەیوەندی مـن و ئـەو کەسانەی یان دۆستمن یان دوژمن، هەتا پـەیوەندی مـن و کرمـەل وە دوورتریـش : کـاتیك چەقین و لە جیی خۆمانەوە بە جۆرە بی عەدالەتی‌یەك بزانــی دەرهـەق بـە خـۆت و هـەنگاو هـەلگرتن بـە جـۆرە بـی عەدالەتی‌یـەك بزانـی دەرهـەق بـە خـەلك وە ســەرباری هــەموو ئەمانەش هەژاری و دەستەنگی بەرۆکت بەرنەدا ـ دەســتەنگی، ئـەم بـی عەدالەتی‌یـە گـەورە کۆمەلآیەتی‌یە، ئەم بی عەدالەتی‌یە بیرەحم و پیاو بەزینە کـە ناچـارت دەکـا مـل بـە هـەموو شـکەنجەیەك بـدەی و هـەموو ئیـش و ئـازاریکت لـەژیر نـاوی وشـەی کـەر هەلخەلـەتینی ” ئەرك”دا پاسا دەکا بەلی وشەی ئەرك وەزیفە ـ و ئینجیل گوتەنی: وشە لـەلای خـوا بوو، وشە خوا بوو!

* یەکیك لە ئەندامانی حیزبی توودە کە لــە رژیمـی شـادا پـاش کوودەتـای ( ٢٨ی مـورداد ـ ١٩ی سیپتەمبەر) تیرباران کرا.

## سەرچاوەکان :


١- هنر و ادبیات امروز - گفت و شنودی با شاملو - بکوشش ناصر حریری. کتابسرای بابل - ١٣٦٥

٢- چشم انداز شعر امروز (١) - احمد شاملو ( ا. بامداد ) با حرفهایی در شعر و شاعری - سـازمان انتشارات بامداد چاپ دوم - أبان ١٣٥٠


**وەرگیراو لە : "تـا شکوفەی سووری کراسـیك" ( کۆمەلـە شـیعریکی ئەحمـەد شـاملوو ) ئینتشـاراتی کانوون، و. ناسری حیسامی**

# بێجگە لە عیشق

ئەحمەدی شاملوو

و. ناسری حیسامی

بێجگە لە عیشقی شێتانە
هەموو شتێکی دنیاکەتان شێتانەیە

بێجگە لە عیشقی ئەو ژنەی
پڕ بە دڵم خۆشم دەوێ.

چۆنە لەعنەت
لە پەرستن
خۆشتر گیانمان دەلاوێنێ !
چۆنە مەرگ
لە زیندوو بوون
زیاتر شادی دەبارێنێ !
چۆنە برسیەتی
گەرمتر لە نانی ئێوە
لە لای ئێمە خۆ دەنوێنێ !

هەزاران لەعنەت لە ئێوە بێ
ئەی ئەوانەی
بێجگە لە عیشقی شێتانە
هەموو شتێکی دنیاکەتان شێتانەیە !

# چەرخی ئاوەژوو

**هەژین**

چرکە.. چرکە
دەبینە بنیشت و
ڤایروس جەستەمان دەجوی
پەراوی تەمەنمان
بەدەم رەشەباوە
پەر .. پەر
مەرگ دلی دەسمی.
چرکە .. چرکە
هەزارانمان
دەبینە سەربازی وون و
لە سەرژمیرا نیومان
دەسرنەوە؛
کەچی گەمژان
لە یادیکا،
بۆ ریزنان لە ئینسان
گۆری پادشایی هەلدەدەنەوە !

# سەمای عیشق

**هەژین**

ئەزانم
ئەشکە ویلەکانت
لە بیابانی تەنیاییا
چاوەڕیی عیشقن
لیومالیان کا.
هەرچۆن گیانە
خەمەکانت لەگەڕوتا:
چاوەڕیی نیگاییکن
گوییان بۆ رادیریو
لە مەرگی زستانا،
تیشکی خۆر سەما کا.
ئازیز هەرواش
خۆزگەکانت لەدڵا
شەیدای خەندەییکن
تا لە باوەشیان گریو
ژیان سەرلەنوی چرۆکا.
دلنیام و ئەزانم:

لە بیابانی تەنیاییا
تاسەی کانیاو دەکەی،
لە بەستەلەکی تەمەنتا
چاوەریی تیشکی خۆرەتاو ئەکەی،
لەباخەلی کۆیلەتیی‌یا
ئارەزووی ماچی دوور لەیاسا ئەکەی،
لەپەراوی یادەوەریتا
بە زاری برسی‌یەتی
داوای کولیرە و
سەرپەنای خۆرا ئەکەی
پر بە حەزی هەمووان
لەپشت شورەی زیندانەوە
بیری پیاسەی ئێواران ئەکەی؛
دلنیابە ! کە دلنیام
رۆژێك دادی،
ئاڵای رزگاری ئینسان
بە عیشقی ژیان سوور ئەکەی

٢٠ / ١٠ / ١٩٩٩

# شێخی شێخان هەژین

شەو ڕۆژی نابووە سەر یەك بۆ ناساندن و ئاشناکردنی خەلك، بەخودا پەرستی و پلەو پایەی پیاو خاسان و ئیمامانی پیش خۆی. هەمیشە دەیگووت: پیاوی خودای دەبیتن بەردەوام ریز لە پیشینانی خۆی بگریت، هەلەکانیان بشاریتەوە و لە ئالتوناویان بگریت، راستییەکانیان بکاتە ویردی سەر زوبانی، تاوەکو پاشینانی خۆی ریزی لیبگرن و وینە بی ئەژمارەکانی بکەنە میدالی سەرسنگیان و ناو لەبەر ناوی پیرۆزی بگرنەوە. کار گەیشتە ئەو رادەیەی بە خزمەتکار و پەیرەوەکانی دەگووت: دبیت رەنگ و بۆتان وەك من لیبکەن و وەك من پۆشاك بپۆشن و ردین و سمیلتان ریك بکەن، دەبی ئەمە ببیتە سوونەتی کۆمەلگە. دەبیت خۆتان جوی بکەنەوە لە دەرویش و پەیرەوانی شیخە درۆینەکانیتر.

ڕۆژیك دەرویشیکیان لەکاتی حالکردندا کۆمەلی داخ و ناسۆری دەروونی خۆی هەلرشت و پیی گووت: شیخی دانا مەگەر بریار نییە، لە دیوانی خوای مەزندا گشتمان یەکسان بین، ئیتر بۆچ تۆ وەها خزمەتکاریمان پیدەکەی ؟

شیخ کە چاوەریی وەها رووبەروونەیەك نەبوو لەلایەن کۆنە خەلیفەیەکییەوە، لەتاو تورەیی و شلەژان ئاور لەچاوانی دەردەچوو، شمشیرە تەختەکەی لەکلانە دەرکیشاو چەپ و راست دەرویشی داگرتەوە، بەلآم هیچ دادی نەدا و تازە لە ئایین وەرگەرابوو. یاران و بەردەستانی شیخ،

هۆش لەسەریاندا نەماو هەرچەندیان دەکرد ئەم بی ریزیو سووکایەتییەی خەلیفەی نمەك نەناس بە شیخی شیخان و نوینەری خودای میهرەبان پی قووت نەدەدراو بریاریان دا، خەلیفەی دووروو لەتەکیەی وەدەر نین و شار بەدەری کەن؛ تاکو ببیتە نموونەو پەند بۆئەوەی کەسانی پاش وی نەویرن بەرامبەر شان و شکۆی شیخ دەنگ بەرزکەنەوە و لە

گویرایەلی دەربچن.

ئیتر لەو رۆژەوە ووشەی " نا "و " نەخیر " لەفەرهەنگی زماندا سرانەوەو سەرەتاو کۆتایی هەر وەلآمیك بە پیشگرو پاشگری"بەلی قوربان" کۆتایی دەهات. هەر بۆیە دەستبەجی سزای جۆراوجۆر بۆ ناشکوریو بۆلەبۆل دانران و پرو پاگاندە و تۆمەتی دژی خودایی خرایە پاش ئەوانەی کە بەچاوی رەخنەوە دەیانروانییە فەرمایشتەکاتی شیخ و شیخە پیشینەکان و دوازدە ئیمامان.

رۆژ بەرۆژ شیخ نورانیتر دەبوو، شیخ ئیتر شیخ نەبوو، بۆخۆی خودایەك بوو. ووتەکانی وەك بۆمبی تایمەرکراو لیرەو لەوی دەتەقینەوە و ناو و ناوبانگی شیخیان دەگەیاندە کەشکەلەی ئاسمان و فریشتانی بەهەشت کرنووشیان بۆ دەبرد. پەیرەوانی، رۆژی پینج فەرزە درودیان لۆ دەناردو لەجەژن و بیرەوەی باپیرانیدا نیوی ویردی سەر زمان بوو.

رۆژیکی هەینی کە وەك رۆژانیتر دەمراستی (شیخی بەخودا بوو) باسی لە خۆبردن و دلسۆزی شیخی دەکرد و بەدەم گریانەوە دەلەرزی کە باسی ئەو زاتە گەورەیەی دەکرد، منالیکی چەقاوەسوو قیژاندی: بابە بۆ خەلیفە ئەحمەد دەگری ؟

بابی بەدبەخت هەر هیندەی بۆ کرا دەمی مندالەکەی توند دابخات. لەولاوە هاوەلآنی مندالەکە کردیانە رۆژی خۆیان: بابە بابە بۆ مامە وەلی دەمی هاورازی داخستووە، هۆلی مزگەفت بووە ئاشی ئاو لیبراو، خەلیفە ئەحمەد کە کەس گویی لە مەوعیزە دوورو دریژەکەی نەمابوو، تا هیزی تیدابوو نەراندی: منال و بەزم بۆ دەرەوە، گویم لە بۆلەبۆل نەبیت، جەنابی شیخ هەراسان دەبیت.

بارە و هاتووە دەبی شانی بۆ شلکەی، هەرچۆن بوو بە خۆشیو ناخۆشی منداران کرانە دەرەوە و خەلیفە قورگی بۆ سافکردەوە و فەرمووی: چ نییە،

بـــــۆ ل٤٠

# بێرتۆڵد بریخت

## گفتوگۆ لەگەل

## « ریگینە لوتس » Regine Lutz

**و. هەژین**

" ئەم گفتوگۆیە لە پەرتووکی( بیرکردنـــەوە گۆرانــە ) دا چـاپکراوە کـە لەلایـەن نـاوەندی بلاوکردنـەوەی (مـارو)وە لەسـالی ۱۹۹۸دا بەبۆنـەی سـەدەهەمین سـالرۆژی لـــەدایك بوونـــی بریخت ەوە بلاوکراوەتەوە، لیرەدا وەرگیرانی هیندیك لەو گفتوگۆیە پیشکەش دەکەین "

**ریگینە لوتس** لە ۲۲ی دیسەمبەری ۱۹۲۸ لە بازل لەدایك بووە، دوای وەرگرتنی دیپلۆم، سالی ۱۹٤۷ لـە شـانۆی زوریـخ وەك شـاگردیك دەسـت بـەکاربوو و، بـۆ دەرهینـانی   نویـی شانۆیی"سەروەر پونتیلا و کۆیلە ماتی"  کە لەسالی ۱۹٤۸دا بۆ رۆلبینین تییدا  بانگـەواز کـرا. کارکردنی لەم ســالەوە لەگـەل بنیاتنـانی بیرلینـەر ئینزیمبل لەتـەك بریخـت دەسـتیپیکرد و تاوەکوو سالی ۱۹٦۰ دریژەی کیشا. وی رۆلی جۆراوجۆری لەشانۆییەکانی بریخــت دا گـیراوە : یڤیتە (**Yvette** )  لە شانۆیی داپیرە دلاوەر و نەوەکانی، ئیڤا (**Eva** ) لە سەروەر پونتیــلا و کۆیلە ماتی، ڤیرگینیا ( **Verginia**) لە ژیانی گالیلە، پـۆلی (**Polly** ) لـە ئۆپـیرای سـی پـۆلی. بریخــت شــانۆیی تەپلــەکان و ترۆمپیتــەکان (**Pauken und Trompeten** ) ی لەبـــەر وی دەرهیناو رۆلی ڤیکتۆریای دایە وی. هیربیرت ئیهرینگ **Herbert** ) ( **Ihring** لــەبارەی رۆلـی وی لەم شانۆیی‌یەدا دەلیت : هیچکات ریگینە لوتس م ئاوا ئاســوودەو زینـدوو لـە رۆلگـیراندا نەدیتبوو کە لەرۆلی ڤیکتۆریادا دیتم. سالی ۱۹٦۰ ریگینە لوتس بۆ کارکردن  لەتـەك رۆدۆلـف نۆیلتە(**Rodolf Noulte** ) چووە بیرلین و، پاشان وەك ئەکتەری میوان لە شـــانۆکانی مونیـخ، بریمـن، ڤوپیرتـال، کاسـل، زوریـخ دەسـتی بـەکار کـرد. وی لـەپال کـاری شـــانۆگەری لــە تیلەفزیۆندا سەرقالی رۆلگیران بوو. سالی ۱۹٦۸ بۆ کارکردن چووە لای فریدریش دیورنمات

(Friedrich Durrenmatt ) و ڤیرنیەر دیوگلین (Werner Duggelin ) لە بازل. سالی ١٩٧٠ لەگەل دکتۆریك هاوسەری کردو لەپال کاری شانۆگەریدا وەك بەر دەستی دکتۆر هاوکاری هاوسەرەکەی دەکرد. پاش مردنی هاوسەرەکەی لەسالی ١٩٨٣دا دووبارە سەرقالی کاری شانۆگەریو رۆلبینین لە زنجیرە تیلەفزیۆنیدا بووەوە. سالی ١٩٩٣ پەرتووکیکی بەنیوی "ئەکتەری جوانترین پیشە" (Schauspieler der schonste Beruf ) بلآوکردەوە کە مەبەستی هاوکاری ئەکتەرە لاوەکان بوو. لەسالی ١٩٩٥دا وەك فیرگەر لەفیرگەی ئاکادیمیکی شانۆی بایرن (Bayeriscen Theaterakademie) دەستی دایە وانە ووتنەوە.

لەسالی ١٩٤٧دا کەبریخت گەرایەوە ئەوروپا ئیوە لە سویسرا لەگەل بریخت ئاشنا بوون. لەو سالآنەی ئاوارەییدا بەبی بریخت بۆ یەکەمجار شانۆیەکانی داپیرە دلاوەرو نەوەکانی، مرۆڤی باش سچوان، ژیانی گالیلە، لە زوریخ دەرهینران، ئیوە ئەوکات ئەکتەریکی لاوبوون یەکەمین بەرخوردتان لەگەل بریخت چۆن بوو؟

**لوتس** : لەئایاری ١٩٤٨دا ئەوکات کەمن لەفیرگەی ئەکتەری زوریخ خویندکاربووم، بریخت منی لەنواندنی شانۆییەکدا دیتبوو و شیوە رۆلبینینمی لاپەسەند بوو بوو، بە تیلەفون ئاگادار کرام کە بریخت دەیهەویت لەتەك مندا ئاشنا بیت. من چوومە لای وی، بریخت و دراماتورژ (Dramaturg ) کورت هیرشفیلد ( Kurt Hirschfeld ) لەویندەری بوون. وی پەرەکاخەزیکی تەنك کە هۆنراوەیەکی دریژی تیدا نووسرابوو، دایە من و دەبوو من بیخوینمەوە. من فرە هەولمدا کە بەجوانی بیخوینمەوە، کاتی کەخویندنەوەکەم تەواو بوو بریخت سەیریکی کردم و ووتی: دەتوانیت ئەمە وەك کەسیك بخوینیتەوە کە لە سەراپای ژیانیدا هۆنراوەی نەدیتووە،

من دەستبەجی وەك کەسیك کە زیرەك نییەو نازانی بخوینیتەوە کارەکەم ئەنجام دا. بەلآم

هەندی سەخت بوو بۆم تا خویندنەوەکەم تـەواوکرد. بریخـت سـەریکی بـاداو ووتـی: باشـە. دەبیـت ئـەوەش بلیـم کـە وی بـەخۆی خویندنـەوەی شـتیکی بەسـەرمندا نەسـەپاند. وی زۆر سەیرو سەرنج راکیشەرانە تیم نواری، من سەرنجی ئونیفۆرمە خاکیو دەرپـی کورتەکـەی کـە لـە هـاویندا پۆشـیبووی و ریشـی نەتاشـراو و سـیگارەکەیم دەدا، هـەموو شـتیك خـــەندەئاوەر دەهاتە پیشچاو. وی کاریکی وای نەکرد کـە مـن پیموابـی لەبەرامبـەر مرۆڤیکـی هەلکەوتـەی ئەم سەدە راوەستاوم. هەر لەبەر ئەمە من لەبەرامبەر وی‌دا هیچ سلم نەدەکردەوە.

بریخت پیشتر شانۆیی‌یەکی دەرهینا کە سەرنج ئیوەی رانەکیشا دەتوانـن ئەمـە زیـاتر رۆشـن کەنەوە ؟

**لوتس** : سالی ١٩٤٨ رۆژەکانی کۆمۆنی پرۆڤـە دەکـرد بەمنـی ووت کـە رۆلـی مـادام کـابیت (Madame Cabet) دەگیری، ژنیکی پەنجا سالە. من پەشیواو هەستامەوەو ووتم: بەلآم ئـەوە پیرە ژنە ! بریخت ئەوکات ریك پەنجا سالە بوو، بەشەرمەوە بزەیەك گرتی.

ئیوە لەسەرەتاوە بەشیوەیەکی گشتی لەبریخت رازی نەبوون، چی بووە هۆی ئەوەی کە پاشان پیشنیاری پەسەند بکەن و بچنە بیرلینەر ئینزیمبل.

**لوتس** : من هەلبژاردنیکی ترم لەبەر دەمدا نەبوو، لەسەردەمی منالیمـەوە هەمیشـە ویسـتوومە ئەکتەری شانۆ بم، پـاش ئـەوە شـانۆی زوریـخ بۆمـن جوانـترین و باشـترینی شـانۆکان بـووە. بەلآم لە فیبریوەری ١٩٤٩دا کەسیك بەمنی ووت تۆ رەنگیکی بچووکی بۆ تـەواوی شـانۆیەکی گەورەو زۆریش سوودت لیوەرناگیریت، تا ئەوەی رۆژیك نامەیەکم لەبریختەوە پیگەیشــت کـە بانگەوازی کردبووم بۆ کارکردن لە بیرلینەر ئینزیمبل. منیش تیلـەگرافم کـرد کـە مـن رازیـم و دیم.

یەکەمین کارایی بیرلینەر ئینزیمبل لەسەر ئیوە چی بوو ؟

**لوتس** : من ئەندامانی تیپەکەم لەپرۆڤەی داپیرە دلاوەر دا بینین کە هەرکەسە رۆڵی ئەکتەرەکەی بەرامبەری دەگیرا. ئیمە گشت لەگەل یەکتر هەستمان بەخۆشی دەکرد. بەتایبەت دوای سەرکەوتنیکی ورە بەخش کە بریخت و هیلینە ڤایگل لە دەرهینانی داپیرە دلاوەر لە (Deutsche Theater) دا بەدەستیان هینا. من دەمزانی کە لەگەل کەسانیکی بەناوبانگ کاردەکەم، بەلآم نەمدەزانی کە ئیمە دواجار میژووی شانۆ دەنەخشینین.

ئیوە لە سەروەر پونتیلا و کویلە ماتی، سەرەتا لە زوریخ و پاشان لە بیرلین رۆلتانگیراوە، چ جیاوازی‌یەك هەبوو لە نیوان ئەم دوو دەرهینانەدا ؟

**لوتس** : بۆ من جیاوازی نەبوو، بەلآم من لە بیرلین جۆریکی‌تر رۆلم گیرا، وزەیەکم تیدابوو کە کەس چاوەریی لی نەدەکردم، دەرهینان لە بیرلین بە گشتی شیوەی هەلگیرانەوەی بەخۆوە گرت. پرۆڤەکان وەك پرۆڤەکانی داپیرە دلاوەر ئەنجام نەدران. لەنیوان ئیریش ئینگل (**Erich Engel**) و بریخت دا لیك گەیشتن نەبوو، بەتایبەت لەسەر پۆشاکی شانۆیی‌یەکە. بریخت لەبارەی پۆشاکەکانەوە راستی دەکرد چونکە دەیویست ئەو شتانەی کەلە هۆشی‌دا بوون بیان ناسینیت و بیان هینیتە سەرتەختی شانۆ.

دەرهینانی (**Der Hofmeister**) بە یەکیك لەکارە جوانەکانی تیپی بیرلینەر ئینزیمبل ناسراوە، چ شتیکی تایبەت لەم دەرهینانەدا هەبوو؟

**لوتس** : یەکیك لە سەرنج راکیشی‌یەکان کە لەم شانۆیی‌یەدا هەبوو، لاوی ئیمە بوو بەگشتی. بریخت لەگەل پیشنیاری سەرەتای شانۆیی‌یەکە، بە وردبینی‌و پاریزەوە کاری لەتەکدا دەکردین. گشت بەشەکانی روون دەکرانەوەو لەم بارەوە چەندین کاتژیر کاتمان بەسەر دەبرد، هەرواش من لەمالەوە چەندین کاتژیر لەسەر رۆلەکەم کارم دەکرد، ئەوەی ئەم رۆلە چی دەخوازی و چی دەخاتە روو. فریدریش لوفت(Friedrich Luft)ی رەخنەگر، گفتوگۆی

خۆی بەمجۆرە دەستپیکرد : " شتیکی تەواو بوو " هەرواش بوو.

ئیوە کاراکتەری بریخت تان چۆن بینی ؟

**لوتس** : وی شەرمن کەسیك بوو، لەم شەرمنۆکی‌یەی بۆ بەدەستهینانی سەرکەوتن سوودی وەردەگرت. زۆر خۆشحال دەبوو ئەگەر کەسیك لەتەکیدا رۆشنفکرانە قسەی نەکردبا. وی فرە بە هۆگری‌یەوە لەبارەی هەرشتیکەوە دەدوا و مەش لەم بارەوە زۆر پیدەکەنین. ئەمە بۆ وی وەك سەرەتایەکی نوی بوو لەتەواوی فەلسەفەیەك کە ئیمەی پی رینوینی دەکرد.

*لەم بارەوە لۆمەی بریختیان دەکرد: وی بەهرەکیشی لە هاوکارانی دەکرد، لەگەل ژنان خراپ دەجوولآیەوە، بۆچوون و نووسینی کەسانی‌تری بەنیوی خۆیەوە بلآودەکردەوە، ئیوە لەنزیکەوە لەتەك بریخت دا کارتان دەکرد راتان چی‌یە ؟

**لوتس** : ئەمانە درۆن ، ئەم ژنانە و ئیلیزابیت هاوپتمان ( Elisabeth Hauptmann) لەرووی رۆشنبیری‌یەوە لەو ئاستەدا نەبوون کە بریخت بتوانیت لەوانەوە شتیك فیر ببیت. ئەمە شیاوی تیگەیشتن نی‌یەو، راست نی‌یە. لەراستی‌دا وی داهینەری گەلکاری بوو و، هیچ کەس نەیدەویست مل بەم واقیبەتە بدات، وی گەلکاری دەهەیەك پیش ئەوەی لە ئالمان ببیتە باو دەستی پیکرد بوو کە رەخنەو پیشناری، لە کاتی پرۆڤەدا دەگرتەوە. وی هەمیشە دەیگوت : " قسە مەکەن، کار بکەن " ئەمە شیوەی پەیوەندی هەمیشەیی وی بوو. پیم وایە شتیك کە ژنەکانی ئازار دەدا ئەوە بوو کە وان دەیانویست کاریك ئەنجامدەن کە باوەریان پیی نەبوو، بریخت ریی لەم کارانە دەگرت.

ئیوە ئەکتەریکی لاو بوون و بریخت هۆگری بە ئیوە نیشان دەدا.

**لوتس** : وی لە زوریخ پیاویکی بەتەمەن بوو، هەروا لە بیرلینیش. کاتی کە من لە "هۆف مایستەر"دا رۆلم دەبینی هۆگری بۆ من دەرکەوت،

ئەمەش سروشتی بوو. بەڵام ئەم هاوەڵی‌یە لەگەل کەمێك بەردەوام هەبوو. هەرچەندە دەیتوانی بە جۆریکی‌تر بیت. بەڵام پیویستە پیتان بلیم کە وی هەمیشە پاکترین کەس نەبوو. هاوەلی مە لەچوارچیوەی کارکردندا بوو، من لەتەك وی زۆر کارم کرد. لە شانۆیی "مرۆی پاش سچوان"دا دەبوو من لەرۆلی هانۆڤیر(Hannover )دا رۆلی سەرەکی بگیرم کە ئەنجام نەدرا، لە داپیرە دلاوەریشدا هەر پیکەوە کارمان دەکردو وی پیی دەگوتم: کە بۆ رۆلی داپیرە دلاوەر منی لەبەرچاو بووە. بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی من ئەو رۆلە لەسەر شانۆ بگیرم. مە لەتەك یەکتردا پەیوەندی‌یەکی زۆر نزیکمان هەبوو، کاتیك کە من لە بۆ کەسیکی‌کە هۆگریم نیشان دەدا وی بەد رەفتاری دەکردو وەك لاویکی خوینکار بەخیلی دەبرد. جاریکیان وی بەجۆری لەدەرگەی ژووری خۆگۆرینی‌دا کە گشت شتومەکەکان کەوتنەخوارەوە.

*بریخت شانۆیی‌یەکی بۆ ئیوە نووسی، تا چ رادەیەك لاتان پەسەند بوو. ئەویش شانۆیی توراندۆت (Turandot ) بوو.

**لویس** : من لەریگەی شیللەر وە بەو شانۆیی‌یە ئاشنابووم. پاشان بیرم کردەوە کاری بریخت تاقەت پروکینە. کاتیك کە من و هیلینە ڤایگل چووبووینە نەخۆشخانە بۆ سەردانی وی ئەمەمان پیگووت، هەلبەتە وی کەمیك پیی دلگران بوو و ووتی : دەبیت جاریکی‌تر لەسەر ئەو دەقە کاربکەم. کاتیك کە لەنەخۆشخانە هاتینە دەرەوە، هیلینەڤایگل پیی ووتم: لەم سەدەیەدا تەواوی ژنان بە ئاواتەوەن بریخت شانۆیی‌یان بۆ بنووسیت، تۆش دەلییت کە تاقەت پروکینە ؟ بەڵام من هیشتاکە بە تاقەت پروکینی دەزانم و، رۆلم تیدا نەگیراوە. ئەم بەرهەمە بەناوبانگەش نەبووە یەکیك لە بەرهەمەکانی بریخت.

ئیوە باسی هیلینە ڤایگل تان کرد. وی لە گەشەی کاری بریخت دا چ کارایی‌یەکی هەبوو ؟

**لوتس** : هەر لەسەرەتاوە هیلینە ڤایگل بۆ من مرۆڤیکی خوین شیرین بوو، من پیم وابوو کەبریخت مامۆستای من و پیاویکی گەورەیەو هیلینە ڤایگلی لەپشتە، هەلبەتە ویش سەرەتا بەپیی تیروانینەکانی بریخت رۆلی نەدەگیرا، من پرۆڤەی شانۆیی " دایك " کە هیلینە ڤایگل زۆر تییدا دەگریا بینیبوو، بەم بۆنەوە پیموایە لەنیوان شیوەکاریاندا دووری‌یەکی فراوان هەبوو، چونکە ئەمە بەپیی تیروانینی بریخت نەبوو، مە زۆر بە فرەزانی‌یەوە لەم بارەوە گالتەمان دەکرد. بەلآم لەراستی‌دا هیلینە ڤایگل کەسایەتی‌یەکی گەورە بوو، بۆ مە وەك سەرپەرشت وابوو.

ئیوە بەزۆری لەتەك هیلینە ڤایگل رۆلتان گیراوە، بۆ نموونە لە شانۆیی "تفەنگەکانی کاررخان " (Die Gewehre der Frau Carrar) دا. ئیوە رۆلیکتان هەبوو کەلیی رازی نەبوون و، دەتانویست بیرلینەر ئینزیمبل بەجیهیلن، لەبەرامبەر ئەمەدا بریخت چ کاردانەوەیەکی نیشاندا ؟

**لوتس** : بەلی، من دەمویست ئەوینە بەجیهیلم، چونکە نەمدەزانی لەچ تیپیکی شانۆیی‌دا کاردەکەم. من دەم ویست بگەریمەوە بۆ ئالمانی رۆژئاوایی تا فرەتر رۆل بگیرم، پیشتر مە لە بیرلینەر ئینزیمبل سالی شانۆیەکمان دەنواند، من چەندجار ویستم ئەویندەری بەجیهیلم بەلآم هەر لەوی مامەوە.جاریکیان بریخت لەسەر ئەم بابەتە لەتەك مندا بووە هەرای‌و بەسەرمدا هاواری کرد کە من چیم دەویتن، من لە هیچ شوینیکی‌تر ئەو شتانەی کە لەلای وی فیر دەبم ناتوانم بەدەست بینم و هەروەها لەهەر شانۆیەکی‌تردا وەك شاگردیك. بەلآم پاشان شانۆیی باشتر هاتنە بەرۆو من رازی بووم.

لەدوا پرۆڤەکانی " ژیانی گالیلە "دا ئیوەش رۆلتان هەبوو، دەتوانن شیوەیەك لەچۆنیەتی ئەم کارە بخەنە پیشچاومان ؟

**لوتس** : مه رۆژانه تەنیا دوو کاتژێر پرۆڤەمان دەکرد، ئەمه ئاسایی نەبوو، مه هەمیشه درەنگ دەستبەکار دەبووین و زوو کۆتاییمان پیدینا. رۆژێك پیش دەست پیکردنی پرۆڤه وی هاته کنم و پرسی: دەتەویت چۆن رۆلی ڤیرگینیا بگیری، وەك هەر کیژێکی لاو، یان خۆت لەجیی ڤیرگینیا رۆل بگیری ؟ لە بیرمه کە من فره چاك لەبارەی وەلآمەکەمەوە بیرم کردەوەو ووتم: رۆلی ڤیرگینیا وەك کیژی کەسیکی هۆشمەند " گالیله " دەگیرم، وی بیدەنگ بوو، هیلاك و توور ەی کار بوو، وی لەشوینی دەرهینانەاندا میکرۆفۆنیکی هەبوو، چونکە کەمتر دەهاتە سەر تەختی شانۆ. مه زۆر به وریاییەوە پیکەوە کارمان دەکرد. دوا پرۆڤەی من شانۆیی " ژیانی گالیله " نەبوو، بەلکو له شانۆیی " بازنەی گەچینی قەفقازیدا رۆلم دەبینی. دوایین بەرخوردم لەتەك بریخت دا دەتوانم وەبیر بینمەوە، وی به میکرۆفۆن منی لەسەر شانۆ بانگ کردو من چوومه خوارەوە بۆ لای ئەو، وی گووتی: پیویست بەرازانەوەو خۆ لوولدان ناکات، ئیوە تەنیا رۆلی خۆتان دەربینن، بەرادەی پیویست له پۆشاکی رۆلبینین دا رازاوەو لەبەر چاویت. ئەمه دوایین واژەی دەرهینەرانەی وی بوو بۆ من. لەدوا وتوویژدا کە بەخۆی لەتەك مندا کردی، زۆر تەنیاو دلتەنگ هاتە پیشچاوم، لەپر ویستم دەستی ماچکەم، بەلآم خۆم کیشامەوە دواوە، لەبەر ئەوەی نەم دەویست ئەوانیتر بەمن پیبکەنن، ئەمه دوا دیدار بوو.

لەبارەی مەرگی وییەوە چ بیرەوەرییەکت هەیە ؟

**لوتس** : دوو سی رۆژ پاش پرۆڤەی " بازنەی گەچینی قەفقازی " بوو، من بەیانی تازه لەخەو رابوو بووم کە یەکیك له هاوکارەکانمان ئەم هەوالەی بۆ هینام، سەرەتا باوەرم نەکرد، پاشان چوومه ئینزیمبل کە هەمووان لەوینه بوون، من فره گریام، " باربارا " کچی بریخت پیی ووتم تۆ بۆت نییه بگریت، مه دەبیت کارەکەمان دریژه پیبدەین. من مامۆستاکەمم

لەدەست دابوو، مامۆستایەك كە ئیتر هیچكات ناتوانم وەكی وی پەیدا بكەمەوە. سالی دواتر لەگەل شانۆ نووسیكدا كارم كرد كە چاك پیكەوە راهاتین، فریدریش دیورنمات، بەلآم هیچكات ئەو پەیوەندی‌یەی كە لەتەك بریخت دا هەم بوو لەتەك وی‌دا پەیدام نەكرد.

گرنگترین شتیك كە لە وی‌یەوە فیر بوون چی بوو ؟

**لوتس** : تەواوی ئەو شتانەی كە من بەخۆشحالی‌یەوە بە خویندكارەكانمی دەلیمەوە شیوە دەرهینانی وی‌یە، ئەوەی كەچۆن بە پیشنیارەكانی ئەكتەری رینوینی دەكرد، دەبینم چ كارایی‌یەكی لەسەر قوتابی‌یەكانم هەیەو كاری پیدەكەن و پیی دەردینن.

## *لە : فصل تئاتر پایزو زستانی ٩٩-١٩٩٨وەرگیراوە

**پاشماوەی شیخی شیخان** وەك شیخ كەریم دەفەرمی:

لەگشت سەردەمەكاندا هەرزەو هەلەشە فرە بوون، بەلآم بەحەول و قوەتی خوداو هیمەتی شیخ ئەوانە هەردەم رسوا بوون دەنگە دەنگ و ژاوە ژاو لەدەرەوەی مزگەفتی فەرمایشتەكانیان بە خەلیفە بری‌و هەر زارۆك بوو هاواری دەكرد:

خەلیفە و شیخی شیخان
بلقۆكەكی ئاویان تەقان
دەنگی هیند گەورەبوو
گەیشتە چۆمی چەقان

# بیرەوەری

**عەبدوللا موحەمەد**

گیرانەوەی بیرەوەری، هەلدانەوەی پەردەیە لەسەر کۆمەلی راستیو بە مەبەستی بیناکردنی داهاتوو، خۆی دەدرکینی.

ئەم چەند دیرەی خوارەوە، ئاماژەیە بە ئەنجامدانی کاریکی شانۆیی کە سالی ١٩٨٧ لەگوندیکی ناوچەی قەراغ سەر بە پاریزگای سلیمانی، پیشکەش کراوە.

هۆکاری بیرکردنەوە لە وەها کاریك، وەلآمدانەوە بوو بە دوولایەنی پیادەکراوو مەبەست ئامیز، وینەی هیرشیکی سەراسەر بەرانبەر بەهەموو ئەو لاوانەی کە سەربازی هەلآتوو بوون لەناوچەکاندا، تەنانەت راگەیاندنی بۆ تەرخان کرابوو:

یەکەم: هیرشی بەربلآوی ئەوسای یەکیتی نیشتیمانی بۆ سەر خەلکی راکردوو لەجەنگ و چەکدارکردنیان و ناوزەرکردنیان بە (سپلی لاورگ).

دووەم: بلآوبوونەوەی ژمارەیەك ووشکە سۆفی بەگوندەکانداو ژاراوی کردنی میشکی ئەو خەلکە سادەیەی کە دەستیان بەسەریاندا، رادەگەیشت و بەکارهینانیان بۆ مەبەستی تایبەتی.

بۆ ئەوەی هونەرو بەتایبەت شانۆ ئەرکە میژوویی‌یەکەی یاری بکات، کە هەمیشە وەك چرایەك شەوانی ئەنگوستەچاوی کردووە بەچراخان، بەتایبەت ئەگەر ئەوکارە هەلگری پەیامی ئازادی خەلکانی بەشمەینەتی لە هەگبەیەکدا هەلگرتبی، بە زمانیکی سادەو بی‌دەمامك بدوی، خیراتر ئامانجەکانی دەپیکی‌و زۆرترین هاوەل بۆ خۆی پەیدا دەکات.

چۆن دەستمان بەم کارە کردوو هەلویستی بەرپرسانی ناوچەکە بەرانبەر بە ئیمە چی‌بوو ؟ سەرەتا دەقیکی گونجاومان بۆ ئەو مەبەستە هەلبژاردوو خستمانە بەرنامەی کارمانەوەو لەگەلیشیا پەیوەندیمان بە کۆمەلی لاوی دی‌یەکەوە کردو ئەوانیش ئامادەیی خۆیان بۆ

بەشداربوون لەو کارەدا، دەربڕی. دەورەکان دابەش کران و کەمترین لەو ماوەیەی کە چاوەروان ئەکرا، هەموو بەشداربوان دەورەکانی خۆیان دەرخ کرد. بۆ ئەوەی ئەم کارە بەشیوەیەکی مۆدیرن و شیاو نیشان بدری، شوینیکمان هەلبژارد کە گونجاو بی بۆ کاریکی وەهاو پیشنیاری دروست کردنی شانۆیەکمان لەو شوینەدا کە بەهەرەوەز دروستی بکەین. هەرواش بوو.

دەست کرا بە خشت برین و پەیداکردنی پیداویستیتر کە لە دەقەکە داهاتبوو.

تازە دەستمان بەکار کردبوو پیشمەرگەیەك هاتە لامان ویی ی راگەیاندین کە بارەگای تیپ بانگتان ئەکەن. ئیمەش دوانمان کەوتینەری. کە گەیشتینە ئەوی (بەر پرسی سیاسی تیپ) هاتەدەریو پیمان راگەیاند کە ناردبووتان بە شوینمانا، خیرە ؟ ئەو دەستی بە قسان کرد:

– بیستوومانە خەریکی تەمسیل و شتی وەهان، ئەمەوی ئەوەتان پیبلیم، چۆن ریگەتان بەخۆتان داوە لەسنووری ژیر دەسەلآتی ئیمەدا سەربەخۆو بی ئاگاداری ئیمە، چالاکی بنوینن؟

ئیمەش پیمان راگەیاند:

+ خەلکی ئەم ناوچانە تا ئیستا لە زۆربەی پیداویستییەکانی کە ژیان بەرەو پیشەوە دەبات بەهرەمەندنین و کاری رۆژانەی ئەمان دووبارەو سیبارەی کارە سواوەکانی دوینییانەو لە هەموو ئاسوودەیییەکی دەروونی بیبەشن. ئیمەش بە مەبەستی خولقاندنی کەشیگی خۆش و پیکەوە بوون و جیاواز لەشتەکانی پیشوویان، بیرمان لەم کارە کردۆتەوەو ریگاش نادەین هیچ سانسورو قەیدیك لەسەرمان دابنری.

بە قسەکانمان زۆر توورەبوو، رووی تیکردین و پیی ووتین:

– ئیوەی سپلی لاورگەو بیبەرهەم، دەتانەوی خەلکمان لیووریا بکەنەوەو سبەی لە رووماندا

بوەستنەوەو داواکاریمان بەسەردا بسەپینن. زۆر بەراشکاوی پیتان ئەلیم: ئیمە قازانجمان لەوەدایە ئەو خەلکە بە نەزانی بمینیتەوە، کاری جدیشمان بۆ کردووەو ئەشی کەین.

ئیمەش پیمان ووت:

+ کاتی لە سلیمانی ویستمان ئەم دەقە نمایش بکەین، کۆپی کەیمان نارد بۆ (ئەمنی سلیمانی)، هەر پاش هەفتەیەك کە بەدەستمان گەیشتەوە، خەتی سووری راست وچەپ بەهەموو لاپەرەکانیدا هاتبوو. خۆ ئەوان رژیمیکی مرۆڤ کوژو سەرکوتی هەموو ئازادی‌یەکن و ئیوە دژی ئەوان چەکتان هەلگرتووە. ئەم رەفتارەی ئیوە چ جیاوازی‌یەکی هەیە لەگەل کارەکەی ئەواندا ؟ئەویش ووتی:

– جیاوازی هەیەو زۆر زیاتریش، دوای ئەوە، مانەوەی ئیمە بەهۆی ئەم خەلکەوەیە هەر کاتیك ئەم خەلکەمان نەما، خۆشمان نامینین. بۆیە زۆر بەتوندی ئاگادارتان ئەکەین کەواز لەم کارە بهینن، ئەگینا خراپتان بەسەر دینین.

ئیمەش بەبی ئەوەی وەلآمی تری بدەینەوە، هەلساین و هاتینەوە بۆ گوندەکە. کارکردن و پرۆڤەکانیشمان، ریکەوتی مانگی رەمەزانی کردبوو، بریاریش بوو یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزان بکەین بە یەکەمین رۆژی نمایش کردنی شانۆیی‌یەکە بۆ خەلك.

هەوالی ئەم کارەی ئیمە بوو بە هەوینی ئەو ووتارە دینی‌یانەی کە عەسرانی رەمەزان کاکی ووشکە سۆفی، کە ئەوکات خۆی بەشیوەی پیش نویژو خوتبە خوینی موسلمانان ناساندبوو، لەمزگەوتدا بدات بەگوی‌ی نویژکەرەکاندا. وەك نەریتیکی هەمیشەیی مەلاکان، کە مەبەستیان لەشکاندنی کەسیك یان لایەنیك بیت، تاوانی بی‌ئابرۆیی‌یان دەدەنە پال. ئەمیش هەمان پیشەی دووبارە کردەوەو کەوتە تانەو تەشەر لیدان لەکارەکەمان و تەنانەت پروپاگەندەی لەجۆری (رابواردنی سیکسی لەناو شانۆکەدا، وەستان لەدژی خوداو قورئان) تا

بە هۆیەوە ناوی ئیمە بزرینیو جیگـەمان پـی لـەق کـات. ئامـانجیکی سـەرەکیتری ئـەوەبوو تـارای گشـتی بـەلای خـۆیدا راکیشـیو لـە پاداشــتی ئەمــەدا زۆرتریــن رادەی (زەکــات و سەرفترە)ەی پی ببریت و دەعوەتی لەمەو دوای هەموو ئیوارەیەکی چــەورترو رازاوەتربـی. کـە پیشتریش وەك مشەخۆریك بەسەر وورگی دانیشتووی دییەکەوە دەژیا.

هەموو ئەوانەی باسکران، نەیانتوانی تۆزقالیك لـەریرەوی کارەکـەمان بگـۆرن، بەپیچەوانـەوە گوری زیاتری پیدەبەخشین تا بەرهەمەکەمان جوانترو ئامانجدارتر پیشان بدەین.

رۆژانی جەژن نزیك دەبۆوە، بۆیە بە باشمــان زانــی داوەتنامـە بـۆ هـەموو گوندەکـانی ئـەو دەڤەرە بنوسین، تازۆرترین ژمارەی خــەلك شـانۆییەکەمان ببینـی. دوانمـان ئـەو کـارەی لـە ئەستۆگرت و ئەنجامیان دا دەرهینانی شانۆییەکەشمان لایەنیکینویشی پیادە کـرد، ئـەویش دەرهینانی کارەکە لە لایەن هەمووانەوە ئەنجامدرا نەك تەنها کەسیك واتە کاری دەرهینــانیش هەرەوەز بوو.

رۆژی پیش جەژن، تەدارەکی تەواوی شـانۆیەکی قەشـەنگمان لـە دییـەکی doورە دەسـتی شتوومەکداو بە پشت بەستن بە پیداویستییانەی لەو شـوینەدا هـەبوون، ئامـادەکردو کورسـی پۆلەکانی قوتابخانەکەمان بەکارهینا بۆ دانیشتنی بینەران لەدواوەو لەبەردەمیش دا راخــەریکی زۆرمان بۆ دانیشتن راخست.

سی رۆژەی جەژن ئیمە نمایش کردنەکەمان دووبارە کردەوەو خەلکانیکی چـاوەروان نـەکراو هاتبوون بۆ بینینی، بەقسەی دانیشتوانی دییەکان، تا ئەوکاتە رۆژی واخۆشیان لە ژیانیـاندا نەدیوە، زۆر دەستخۆشانەیان لیدەکردین. هەرچی ئیمەشە سەرکەوتنی کارەکــەمان لـە چـاوی بینـەراندا دەخوینـدەوەو شاگەشـکەی ئـەکردین. ئـەو کەسـانەش کــەتا رۆژی پیــش نمــایش کردنەکە، تانەو تەشەریان لیدەدان، دوای ئەوەی بەرهەمەکەیان بینی، ئارەقەی پەشیمانی

بەنیو چاوانیاندا دەهاتە خواری. پیروو لاوو گەورەو منال هەموو هاتبوون بۆ بینینی شانۆکە، تەنهاو تەنها کاکی ووشکە سۆفی نەبی، کە بەتەنها لەژوورەکەیدا مابۆوەو دۆراندنی خۆی ناخی ئەخوارد.

هەر ئەوەندەش کارەکەمان کۆتایی پیهات، دەستەدەستە لەپیرو جوانی دیکە دەهاتنە لامان و داوای ئەنجامدانی کاری نوییان لیدەکردین و لەگەلیشیدا داوای لیبوردنیان لیدەکردین سەبارەت بەو هەلآنەی لەمەوپیش کردوویانە بەرانبەرمان.

بریاری ئەوەشیان پیدابین کە چیدی ری بەو مەلایە نەدەن لەدییەکەیاندا بژیو ئارامی دییەکەیان لیتیك بدات.

کۆتایی کارەکەمان دوو ئەنجامی چاوەروان کراوی لی کەوتەوە کە هەرگیز لەبیر ناچیتەوە:
یەکەم : عەقل لەدەست دانی (شیت بوونی) کاکی مەلاو سەرهەلگرتنیو پاشان خۆ تەسلیم کردنەوەی بە دەزگاکانی بەعس.
دووەم : دەستگیر کردنی دوو هاوریمان لەلایەن یەکیتی نیشتمانییەوە، کە پاش ئەشکەنجەو ئازاریکی دەروونیو جەستەیی زۆر، ئازاد کران.

لەکۆتاییدا، ئەوەی کە ئاسوودەیی دەروونی بە ئیمە بەخشی، ئەوەبوو کە بەو کارە توانرا راستییەکان ریرەوی خۆیان بگرنەوەو هەرچی بیریکۆن و بەسەرچووە بە مۆزەخانە بسپیردری.      ٠/ ٣/ ٢٠٠٠.

***تیبینی/ ناوی شانۆییەکە (بۆیاخچی ) بوو، لەنووسینی ئەمینی میرزا کەریم.**

# "عەشامەتی ناو زیندانەکە"

## بریـــار

هیـواش بەسـەر هـەردوو دەسـتەوە، بەخۆشەویسـتیو بـەزەییو جـەرگ هەلقرچانـەوە لیـت دەروانیو فرمیسکت بۆ دەباران.. توند لەئامیزت دەگـرت، دەتکـردە ئـاویزانی دلەسسـتە بـی تاقەتەکەت وەك بتەوی دەنگی ناسازی دله بیحەوسەلەکەت ئامیزیکی کۆرپەیانە بیو گیـانی لەویشـوومەی ئـەو بەلآیـەی بەسـەرییەوەیەتی رزگـار بکـات، دەمیکیـش بـەناچاری لەسـەر بەتانییە بـۆرو چلکـن و خۆلآوییەکـە دات دەنـا، بـەنائومیدیو تـرس و بەزەییـەوە لیـت دەروانیو بەپەرۆیەکی چلکنی تەرکراو دەموو چاوی سوور بووەوەیت کە دەتووت دەریای سـەر لە ئیوارانی بەر تیشکی هەتاوە فینك دەکردەوە، هەر ئەو دەریا دەموو چاوە سـوورەوە بۆوەشـی لە ئائنیکدا بەباری شینایەکدا دەگەرا کە لەشینایی دەریای سـەر لـەنیوەروان دەچـوو، کۆرپـە ساوایە یەك سالییەکەت دەمیك جار دەمووچاوی هیندە بیجوولەو بیوورتـە بـوو لـەئاسمانی مـەنگ و قوولـی هاوینـان دەچـوو، هــەندیك جـاریش گرکـانیکی بیئامـان بـووو گیـانی هەلدەکیشایت.

گروگەرمای بیابان لەگـەل بـۆن و دوکـەلی خۆلـە عەمەلەکـەی پشـت هۆلەکـەوە لـەکون و کەلەبـەری پەنجـەرە بـەرزە بچووکـە ژەنگاوییەکانـەوە زۆر بەورووژمـەوە خـۆی دەکووتایـە ژوورەوە، وەك لەشکری فاشیان بستیك بۆشایی لە هۆلەکەدا نەدەما داگیری نەکات.

عەشامەتە زۆرەکەی ناو هۆلەکە بەبی دەنگیو ساکاوییەوە جمەیان دەهات،گیانیـان کـەوتبووە سەر دەریای عەرەقە، بۆن و هالآوی ئەو عەرەقەو چلکی ئەسـتووری سـەر پیسـت و بـەرگیان ئاویتەی ئەو بۆن و هالآوە قورسەی بیابان بوو بوون، ئەو ئاویتەیە هەر لەوەندە پیك نەهاتبوو، دوو دەستە ئاودەستەکەی ئەم سەرو ئەوسەری ناو هۆلەکەش، رشانەوەی پەیتا پەیتای

خەلکەکەش بوونی بەشیکی ئاویتەکە بوون و گیانی خەلکەکەی دەکیشا.

مام کەریم لەدلخۆشی دانەوەی مریەما بەچاوی پر لەفرمیسك و دل و دەروونی پرلەداخ و رقەوە دەلی: مریەم بەس بگری مندالەکەی تۆش لەو هەموو خەلك و مندالآنە زیاتر نیە کەدەمرن، نابی ئەم کۆست کەوتن و کارەساتە چۆکمان پیدابدات، دەبی بەقورەت بین و دەبی ئازابین، ئەی ئینسان مانای چیە، هەر دەبی لەخۆشیان و کاتیتردا پالەوان بی، ئەی بۆ لەم کاتەشدا شیرو پالەوان نەبی، باوەرت قایم و پۆلآبیت ئەگینا پیش ئەوەی ئەوان بمان کوژن خۆمان خۆمان دەکوژین.

– مام کەریم گیان ئەم دەردە منالەکانمانی هەموو لەدەستدا، ئاخر کەی ئەمە ویژدانە، نە دەرمانی نە دەرزییەك، هیچ شتیکمان نادەنی.. کەی ئەمە ویژدانە..خوایە خۆیان و منالیان بەو دەردو بەلآیەی ئیمەچن.. هیروون بەهیروون بن.. ئومید دەکەم ئەو رۆژە بەچاوی خۆم ببینم.

دادەکەم مریەم گیان، ئابەم ریشە سپیەم هەردەبینی سەگیهار تەمەنی چل رۆژە، ئەم هەموو زولم و زۆرە نیشانەی دواییانە، بەس ئازابەو سەبرت هەبی.

یاساولەکان کە دەهاتنە ژووری، قوفل زنجیری گەورەی دەرگا ئاسنینە دوو دەرییە زەبەلآحەکەیان شەق لی هەلدەستان و دەیان کردەوە، بەتوندی دەستیان بەهەردوو کونە لووتیانەوە دەگرت و بەخیرایی کارەکەیان جیبەجی دەکردو فرتەیان دەکردەوە دەرەوە، کاری یاساولەکانیش لەهاتنە ژوورەوەیاندا زیاد بۆ ئەوەبوو کە ئاگادارییو چاودیری کۆبوونەوەی عەشامەتەکە بکەن، هەرچوار کەس لە عەشامەتەکە لەیەك کۆدەبوونەوە، بەتوندی و هەرەشە لییان دەخورین و بلآوەیان پیدەکردن، ئەمەش هەروا لە خۆرایی یاساولەکان ئەم کارەیان نەدەکرد، بەلکو بەیان و بریاری

گەورەکانیان بوو، گەورەکانیان لەو عەشامەتە دەترسان لەو عەشامەتە دڵ پڕلەقین و داخە.. لەو عەشامەتە کە بە هیواشی لەو زبلخانەی زیندانەدا گیانیان لەدەست دەدەن، ئەو عەشامەتەی لەدەیان شوێنا ئەم گۆڕیان بۆ دروست کراوە، ئەو عەشامەتەی کە ماڵ و حاڵیان بەتاڵان براو سووتێنرا، ئەو عەشامەش کە خەڵکی ڕەنجدەرو جوتیاری دێهاتەکانن کەهەموو ژیانیان لەزەحمەت و ئازاردا بووە، ئیتر ئەو ملهورانە کە سەرمایەدارو خوێنمژن چۆن ناترسن کە هۆکاری ئەم هەموو دەردو بەڵایە ئەوان بن.

یاساوڵە قەڵەوە سمێل زلەکە کە دەرگاکەی کردەوە بەخێرایی بەرەو لای قەرەباڵغیەکە هات، هەر لەرێوە بە هەڕەشەوە ووتی: ئەوە ئەو قەرەباڵغییە چییە؟ دەی بڵاوەی لێ بکەن، چەند جارمان ووت پیاو نەیەتە لای بەشی ژنان و ژنانیش نەچێتە لای پیاوان، پیاوان خۆیان بە تەنیاو ژنانیش خۆیان کۆرپەکانیان بە تەنیا، ئەگینا سزاتان دەدەین.

قەرەباڵغیەکە هیچ گوێیان پێنەدا، بەهیواشیو خەمبارییەوە بەشێك بە چۆکەوەو بەشێکیتر بەڕاوەستاوییو بێ جووڵەوە لە مریەمیان دەڕوانیو گوێیان بۆ لاوانەوەو گریانە بەکۆڵەکەی ڕادەگرت.

"کۆرپەی تاقانەم.. هاوڕێی گیان و دڵم.. هاوڕێی هەردوو چاوانم.. لەم جێیەدا جێم نەهێڵی.. هاوڕێی باوك ئاوارە..هاوڕێی تاقانە.. تەنیام نەخەی هاوری گیان.. هاوڕێی بێنازوو بێداوو دەرمان.. هاوڕێی دوور لەباوك.. هاوڕێی تاقانە.. من بۆ تۆم و تۆش بۆ منی.. هاوڕێی هەردوو چاوانم...).

عەشامەتەکە قوڵپی گریانێکی گەورە ناخی هێنابوونە لەرزین، بەخەمباریو ئازارەوە فرمێسکیان دەباران، سمێل زلەکە کە گەیشتە سەریان لووتی بەرداو بەتەوسەوە ووتی:

ئەوە من لەگەڵ کێمە بۆ بڵاوەی لێناکەن.. ئەو قەرەباڵغییە چییە ؟ قەرەباڵغییەکە دەنگیان

لێوە نەهات، سمیل زلەکە کە ئەمەی دی کەوتە قونەو مـل بەرزکردنـەوە، جـێی چـاوی بـۆ خۆی کردەوە کە مریەمی دی کۆرپەکـەی لەسـەر هـەردوو دەسـتی دانـاوەو دەلاویتـەوە زیـاتر سەرنجی لە کۆرپەکەدا، کۆرپەکەی کە بەو دەردە بینی.

– ئا ئەمیش گرتی.. دیسان سوریژەیە.. رۆژیـان تـەواو بـووە، دەبنـە چۆلەکـەی بەهەشـت.. بەس ئەم نامریت و چاك دەبیتەوە.

مریەم بەرامبەر قسەکانی یاساولەکە بێدەنگ بوو لەپر سـەری هـەل بـڕیو چـاوی بـەقین و تورەییەوە لەچاوە زەقە رەشـەکانی یاسـاولەکە چـەقان، دەم و چـاوی ئـاگری دەکـردەوە وەك پشکۆ داگیرسابوو دەتـووت هەرئیسـتا ئامبـازی یاسـاول دەبـێو بـەدان لـەت و پـەتی دەکـا، عەشامەتەکەش هەستیان بەمەکرد، یاساول هەر زوو لەحیسابی خـۆی گەیشـت، شـپرزەیەکی تـەواو دیـار گیـانی خسـتە جوولـە، عەرەقەیـەکی تـرس و تـەریقی بـەدەم و چـاو و لاملیـا هاتنەخوار، هیندە بە خۆی هاتەوە لەو حالە خۆی رزگار بکات، ئـەگینا دەرنـەچی لەوانەیـە بکەویتە بەر زەبری چەپۆکی پرلەقینی مریـەم و ببیتـە گالتـەجارو سووکایەتی عەشـامەتەکە، یاسـاول ئـەنجامی کـاری بـەم شـیوە لیکدایـەوە بۆیـە بـەزوویی بـەدەنگیکی بێبایـەخ و شپرزەییەوە هەر ئەوەندە ووتی:– دەی بلآوەی لێ بکەن قەرەبالغی قەدەیە.

ئەمەی ووتوو بەخیرایی بۆی دەرچوو.

میمکـە عـەتی ئـافرەتیکی دنیـا دیـدەو بەسـەبرو ئـازا بـوو، شـیرەژنی تەنگانـە بـوو، زۆر بەهیمنیو قسەرەوانی دەدواو قسەکانیشی چی ئەوکاتەی لـە دیکـەیاندا چـی ئیسـتاش لـەناو عەشامەت و زینداندا، بایەخی پی دەدریو گویی بۆ رایەل دەکـەن، میمکـە عـەتی سـەبری دەدایە عەشامەتەکەو وورەی بەبەردا دەکردنـەوە، عەشـامەتەکەش بـە خۆشەویسـتیو ریـزەوە مامەلەیان لەگەلدا دەکرد، دەیان زانی ئافرەتیکی تەواو راست و خۆگرو دلسۆزە، دەیان زانی

وەکو ئەوان و زیاتریش ئەم ئـاگرە تازەیـە چـزەی لەجـەرگی هەسـتاندوە، دووکـورو دووکچـی هەبوون کەچۆن بەو پەری رەزالـەت و زەبـری شـان پـەروەردەی کـردون و ئیسـتاکەش کـەس نازانی لەکوین، میمکە عـەتی میردەکەشـی نزیکـەی پانزەسـال لەمـەو پیـش کـەدایان بەسـەر دیکەیانداو سووتاندیان لەرووبەروو بەرگریا گوولەیەك لەسەردلی دەداو ژیانی بــەخت دەکـا، ئیتر میمکە عەتی چەند سالیك لەدوای ئەوە لەگەل خەلکی دی دینەوە گوندەکـەیان و ئـاوای دەکەنەوە.

مریەمیش خەلکی دیکەی میمکە عەتیە، مریەم لەو ئافرەتە جوانانە نەبوو، بـەلآم تـابلی ئیسك سووك و لەبەر دلأن بوو، گەنم رەنگیکی بـالآ ئاسـایی قـژ رەش بـوو، چاوەکـانی خـرو زۆر برژان بوو، لووتی کەمیك باریك و ئاسـایی بـوو، زاری کەپیدەکـەنی بـەلای گـەورەییدا دەردەکــەوت، مریــەم لــەناو دەســتە خوشــکانیو کۆمــەلآنی دیدا کــراوەو قســەخۆش و خۆشەویسـت بـوو، گیـانی بـەزەییو یارمـەتیو ئیشـکردنی لەگـەل هـەموو خـەلکی دیکـەدا هەبوو.. ئەو دەمانەی ئیشکردنی لادی دەهاتە گەرم وگور، مریەم چـەند لـەتوانایدا هەبوایـە گشت لایەکی بەسەر دەکردەوە، گورج وگوول و ئازاو سرك بــوو لەزوورب‌ـەی کارەکانـا لەگـەل دەسـتە خوشـکانیا پیـش برکـیی دروسـت دەکـرد، لەسـەریان دەوەسـتا تـا هــەموو شــریتی تووتنەکانیان پردەکرد ئەوسا بەخۆشییەکەوە دەیووت:

- یـەلآ دەی شـریتی تـازە دامـەزرینن، کـی زوو پـری دەکـا، فـاتم زۆرجـار شـانی لەشــانی دەسوان، فاتمیش بەدەست و بردبـوو، هەرکـە لەگـەل مریـەما دەکەوتنـە پیشـبرکیی شـریت لییـان.. دەسـت و پلیـان دەتـووت مەکینەیـە، ریـك و جـوان هـەموو لاسـکی تووتنەکەشـیان لەیەك ئاستا دەوەستان، کە سەیری دەست و پلی زۆرخیرایشـیانت دەکـرد دەتـووت سـەلەی گوولەیە، هیندە شارەزاو قال بوون جاریك نەبوو نووکی زمەکە تیغ بکاو نیشانەی خۆی

نەپیکی کە ناوەراستی پانتایی لاسکی گەڵآکە بوو، یان نووکــی زمەکــە لــەو پەلــەو خیراییــەدا قامکیان زامدار بکات، ئەوانەی کە باش رانەهاتبوون رۆژی چەندجاریك نەرمە گۆشـتی سـەر پەنجەیان دەبووە نیشانەی نووکی زمەکــەو خوینــی لیدەهــات؛ ئەوانــەی کــە شـریتیان لیدەدا پاش دوو سەعاتیك پشـتیان دەهاتـە ئیـش، ئەمـەش وای لیدەکـردن پشـتیان قیـت بکەنـەوەو پشوویەك بدەن،بەڵآم مریەم زۆرکەم ئەو دەردەی تووش دەبوو، کە تووشیشی دەبــوو بیبایــەخ بوو لای‌و گوی‌ی نەدەدایە، مریەم کە دەکەوتە شریت لییان قاچی راستی ریك لیرادەکیشـت و قاچەکەی تریشی بەنووشتاوەیی بۆ لای ژیر خۆی دەهینایــەوە، ئیـتر دەکەوتـە ویـزەی ئـەو تووتنە کە بە سەفتە دانراوەو بەرزاییەکەی خەریکە خۆی لە سەقفی کەپرەکە دەدا.

مریەم تــەنیا لەشـریت لییانـا شۆرسـوار نـەبوو، لـە درەو و دەسـکەنەوەو بـژارو گەڵآرووتـەو شەتل چاندنوو تۆو چاندنیشا کارامەو شۆرەسوار بوو، هەموو جاری کــە دەچوونــە سـەر بـژارو گەڵآرووتەو ئەو شتانە: هاواری لە هاوریکانی دەکردو دەیووت:

– دەی هەرچ کەسە سەری ماکاویك بگری، کی زوو تەواوی کرد ئەوە بەختی باش دەبی.

مریەم لەپیش هەموویانەوە وەك توولە ماری زەردە پیچ و دەوری بــەناو دیراوەکـاندا دەکـردو تەختی یەکەمییەکەی دەهینا، لەو سەری ماکاوەکە دەوەستاو بەگەشـکەو خۆشـیەوە هـاواری دەکرد:

– و ادیارە بەختم زۆر باش دەبی، ئــەوە فـلآن تـۆ ئـەو قـەوە تـەواو بکـەو دووهـەم دەبیـت، تیلەیەکی چاوی دەدایە جافرو بە تەوسەوە دەیووت:

– جافر ئەوە هەر هیچ قەرە دەبی.

جافریش بەبزەو خۆشەویستیەوە پیی دەووتیت: مریەم گیان مــن حــەز دەکــەم تـۆ هەریەکـەم بیت، دوای تۆ منم، کەست دیوە لەو پیشبرکی‌یەدا کە منی تیا بووبیتم دووهەمی گرتبی.

لەناو ئەو سەرقالیو کارو پەیوەندیەدا تۆو جافر یەکتان گرتوو پەیمانی خۆشەویستیو بۆ یەك بوونتان دا، جافر کورە هەرزەکاری دێکەی خۆتان بوو، باڵاریك و گوشتن و سپیبوو، کڵاوو جامانەی قیت دەبەست و سمیلە رەشەکانی شانە دەکرد، جافر بەوە لە دێدا ناسرابوو یان بەچاویکی جیاوازتر لە هەرزەکارانیتر سەیر دەکرا: کە جافر دەست وپیلکی تفنگی زۆر راست بوو، خەلکی دێ لەوکاتەی کە دەهاتنە سەرباسی جافرو دەست و پیلکی راستیو نیشان پیکاندنی دەیانووت:

– " دەرزی بۆ دانیی هەر ئەوەندە لە حوکمی چاویابی یەکەودەست هەلی گرتووە، لەحوکمی چاویشیا نەبی هەر هەلی دەگری، مەل لە ئاسمان بەقەدەر زەنیانەیەکی دیاربی جافر لەبالی دەخا، بەراکردنەوە دوای گیانداری کیوی کەوتووەو یەکەم گوولە لییداوە، جافر دەست و پیلك راستی گشت ئەم دیهاتانەیە، هیشتا وەك جافر دەست و پیلك راستمان نەدیوە ئەم باس و پیاهەلدانەش دەی دەی بەگوێی جافر دەگەیشتەوە، جافریش بەمە خۆشحال و گەورەتر دەبوو ئەوەندەش زیاتر کارەکەی خۆشەویستر دەبوو لەلایو بەتاسەوە دەکەوتە مامەلە لەگەلیدا.

تۆ جافرت لەبەر ئەو کارە خۆش نەدەویست، ئەوەی کە جافری لەدلی تۆدا کردبۆوە: ئیسك سووکیو کردەوەی جوان پەیوەندییە بەهیزە کۆمەلآیەتیەکەی بوو، بەتایبەتی ماوەیەك پیش ئەوەی بت گویزیتەوە تەواو کارو کردەوەی ریك وپیك و جوان بوو بوون، ئەوەش کارو کارلیکردنی خەلکانیکی باش بوون بەسەرییەوە کەلەگەلی تیکەل بوو بوون.

یەکەم ژوان کەهەردووکتان بەتاسەوە بریارتان لەسەردا: کانی ناو چەمە پر لەژاژو بییەکەی لای تووتنەکەی لالۆ ئەحمەد بوو، بریار بوو هەردووکتان بەیانی بچن بۆ شریت لییانی لالۆ ئەحمەد کە لالۆ خۆی بانگ هیشتنی بۆ کردبوون، جا هەرچ کەسیکتان بە بیانووی

کاریك یان لەدەرفەت و هەلیکدا خۆتان لە هەرەوەزەکە بدزنەوەو بگەنە شوێنی مەبەست.

کازیوەی بەیان.. هەرەوەزەکە بەو پەری چوست و چالاکی‌یەوە هەرکەسە لەسەر ماکاوو قەدی خۆی خەریکی گەڵآ رووتە بوون، هەوایەکی سازگارو فینك کە ساردی شەوی تیامابوو گیانی پرکردبوون لەجوولەو چوستی، دیمەنی ئەو شوینە هەتا بلی‌ی دلرفین و دلگیر بوو، بی‌دەنگییەك جگە لەدەنگی کەمە کەمەی چوولەکەو بالندەی‌تر بەسەر ئەو ناوەدا کشابوو، کە سەیری ناو دار هەنجیرو هەلووژەو قۆخەکانت دەکرد کە لەلاپالی گردەکەو سەرووی تووتنەکەوە بوو: کش ومات و سامیکی تایبەتی هەبوو، لە سەرووی ئەم داری میوەهاتەوە بەپانتایی‌و بەرزی یالەکەوە داربەرووی زەلام زەلام هەبوون، تووتنەکەی لالۆ ئەحمەد سنوورەکەی ئاوابوو، لای سەرووی ئەوە دارمیوەکان بوون، لاکانی‌تریشی چەمەکە پیچیکی بۆ شکاندووەو بە داربی‌و ژاژو تووترکەکانی پەرژینیکی چرو قایمی بۆ دروست کردووە.

ماکاوی تۆو جافر پیکەوەبوو، بە خیرایی ناو پەلی توتنەکانتان دادەشکاندەوە، لەبەینی قەدی تووتنەکانەوە جارجارە بەچاوو زەردەخەنەی تەرەوە بەیانی خۆشەویستیەکی گەورەتان بۆ یەك دەدا، جافر بەهیمنی پی‌ی ووتیت:

– مریەم تۆسەفتە بکیشە.

تۆش یەکسەر تیگەیشتیت جافر دەلی چی، بەخۆشەویستیەکەوە سەرت بۆ بزوان ئەو دەمەی سەفتەی تووتن لەسەر سەری دیراوەکان زۆر بوو بوون لالۆ ئەحمەد بانگەوازی کرد:

– یەکیك سەفتە بکیشی. کی دەیکیشی؟.

کتوپر هەلسایت و دەستت کرد بە سەفتەکیشان، هەرەوەزەکە سەرگەرمی کارەکەیان بوون هەتا گەرمی نەکردوە دەبی ئەوان گەلآیەکی زۆر بخەن، لە گوی‌ی کەپرەکە وەستابووی سەفتەی تووتنەکەت هینابۆوە کزی، بەجۆش و خرۆشەوە لەجافرت دەروانی.. جافر لەناو

دیـراوە تووتنەکانـەوە بـەحال کلآوەکـەی دیـاربوو، ئازایانـە پیشـی لـە هەرەوەزەکـە دابـــوو، تیگەیشتیت کە جافر بۆ وابەپەلەیەو خۆی ماندوو دەکـات، خولیکیتـر بـەناو هەرەوەزەکـەدا سوورایتەوەو ناو دیراوو قەدەکانت بەدوای سەفتا تەی کـرد، سـەفتەکانی جـافرت هـەلگرت، سەفتە بچکۆلەکەی دەست دایتیو بەهیواشی پیی ووتیت:

– مـن زووتـر لـەماکاوی خـۆم تـەواو دەبم.. هەرکـە تـەواو بـووم هـــەرلیرەوە خــۆم دەخەمــە چەمەکەوەو بەرەو لات هەل دەگەریم.

بزەیـەکت بـۆ کـردوو خۆشەویسـتیەکی گـەورە دلـە ناسکەکەتی خستە هەلبـەزو دابـــەز، بـەخیرایی خولیکـی نـاو هەرەوەزەکـەت کـردەوەو چـی ســـەفتە هــەبوون هــەموویت لــەناو جاجمەکـە خسـت و بـەکۆلتاداو لـەژیر کەپرەکـە هـەر بەسـەفتە کـراوەی دات نایـەوە، کـــە سەرنجت لە مەلبەندی کاری جافر دایەوە بینیـت یـەك دوو دیـراوی مـاوە، چـاوی ئـەوانت بەسەرکردەوە کە دلنیا بووینت بیئاگان لیت بەئەسپایی خزایتـەناو دووسـی قـەو تەماتەکـەی کەلە سنووری چەمەکە بوون،لەویشەوە بەناو تووترکو ژاژەکەوە کەوتیتە چەمەکەوە، بـەهیمنی پیت لەئاوەکــە داگـرت و بـەرەو لای کانییەکـە چوویـت.. کانییەکـە لـە ژیـر تووترکیکـەوەو داربییەکانیش بوو بوونـە سـیبەریکی خەسـت و دلرفیـن بـۆی، ئـەم لاو ئـەو لای کانییەکـە بەردو چەوریژ کرابوون،لەسەر کانییەکە دوو مشت ئاوت خــواردەوە، هەسـتت بەخۆشـیەکی بی ئەندازە دەکرد، لـەدوو تۆیـی ئـەو خۆشـییەوە بـۆرە ترسـیك زمـانی نەگریسـی خـۆی تـی دەسوویت، ئەو بۆرە ترسەش هاتنی یەکیك بوو بەسەرتانا، پاش تۆزی لیکدانەوەو پیاچوونەوە بۆرە ترست کرد بەژیر لافاوی خۆشییەکەتەوە، چاوەروانی بوو بووە ژیلەمۆیەکی گەشــاوەو بـۆ ژیر پیت خزابــوو، لـە شـوینی خـۆت کەوتبوویتـە جوولـەو ملـە قووتـی، گویکانیشـت رەپ وەستابوون بۆ بیستنی شلپە پیی جافر، دوو سی دەنك تووترکت لی کردەوە دەنکی تووترکی

گەیوو رەش گیربوو بە پەنجەکانتەوە تلیقایەوە، لەوکاتەدا بەهیواشی زۆر لەسەر خۆ شلپەی پیت هاتەگوی، دلت کەوتە تەپە تەپ، تەزوویەکی خۆشیو ناخۆشی سەر تاپای گیانتی سرکرد، جافر بی یان خەلکیتر، بەگوومانەوە لات کردەوە، ئاهیکی خۆشیت هەلکیشاو رەنگت وەك خونچەی دەمی بەهار گەشایەوە جافر بوو چەند هەنگاویکی مابوو بگاتە لات، هیندە بەهیواشی هاتبوو تا تەواو نەگەیشتبووە لات هەستت پینەدەکرد.

دەنکە تووترکە گەیوە رەشەکەت بەپلیقاوەیی بەدەستەوە بوو، هەر کە جافرت گەیشتە لات پیت ووت: دەم کەرەوە، دەنکە تووترکەکەت خستە دەمیەوە، سەرپەنجەکانت رەنگی سووریکی تۆخ بوو بوون، جافر بەزەردەخەنەوە ووتی:

ـ ئاوی تووترکەکە بەپەنجەکانتەوەیە.. بینە پەنجەکانت لەزارم نی.. خیرا پەنجەکانت لەئاوی چەمەکە ناو بەدەم دەست شۆردنەوە ووتت: نا جافر گیان دەستم تالە هەموو ژەنگ تووتنە.

لەناو چەمی پر لەدار بیو ژاژو بەلەك و تووترکا.. لەسەر کانییە بچکۆلەکە دەستان خستە ناو دەست یەك و پەیمانی بۆ یەك بوونتان دا.. پەیمانیك کەهیندە بەسووریو خرۆشەوە بەستان کەهیچ هیزیك نەبی لیکی هەلوەشینی.

پەیمانتان بەست و چەندجاریتر ژوانتان لەناو جەرگەی کارو شەوانی بەر تریفەی مانگە شەوو لەپەچەو کۆلآنی تەنگەبەری دیو لەکانیاوان و نیو چەمان و لەریگەو بان و سەرپال و ناو دۆل دا بەستەوە.. ئەم کارەشتان سالەوەختیکی برد، خۆشەویستیەکەتان تادەبوو وەك داربەروو رەگی خۆی قایم تر دەکرد، تادەبوو زیاتر هۆگرو خۆشەویستی یەکتر دەبوون، تا ئەو کاتەی کار هاتە سەر برانەوەو جافر بیتە داوات، بۆ ئەمەش کارەکەتان بردە لای میمکە عەتی، میمکە عەتیش ئازایانە بەو دەم و لەبزە خۆشەی خۆیەوە هاتە لای باوکت و

کارەکەتانی مەیسەر کرد.

کە جافر هەوالی منال بوونیانی بیست بەپەلە لەگەل دوو هاوریبیا دووسی رۆژ مەرەخەسی وەرگرت و بۆ ناو ئاوایی گەرایەوە.. جافر شاگەشکە بوو بوو لەخۆشیان خەریك بوو بالی دەگرت.

بەو پەری ریزو خۆشەویستیەوە لە تۆو مەلۆتکەکەی دەروانی، مەلۆتکەکەی لە باوەش دەناو گۆرانی بۆ دەووت و یاری لەگەل دەکرد..

جافر بەروویەکی گەش و خۆشەویستیەوە پیی ووتیت:

– مرە گیان لەبیرت ماوە ووتمان کورمان بوو ناوی دەنیین چی ؟ تۆش سەرت لەقاند ووتت: ئەی چۆن.. هاوری. ئافەرین مرە گیان .. هاوری.

"هاوریم.. هاوریی ئازیزو نازدارم.. هاوریی یەك سالەم.." میمکە عەتی وەك دایکیکی دلسۆزو میهرەبان بە مروەت و خۆشەویستیەوە لەتەنیشتیەوە دانیشتبوو، جارجارە هاوریی لی دەسەندیت و لە باوەشی خۆی د ەناو بەسۆزو خۆشەویستیەوە پیی دەوتیت:

– مریەم گیان باوەرت قایم بی..

خۆگربە. بەلکوم هیچی لینایەو چاك دەبیتەوە، کچە شیرینەکەم مرۆڤ دەبی ناخۆشیو تەنگانەش بچیژی.. ئیتر ئەوە ژیانەکەمانە ئەبی بەرامبەری بوەستین، هەر خەفەت بخۆین و بگرین نابی بەخەفەتو گریان چیبووە.. کچە شیرینەکەم مریەم گیان بیخەم بە چاك دەبیتەوە، سەری باوکیشی سەلامەت دەبی.

مام کەریم وەك تەعزیەبار بە هیمنی لەبەرد ەم مریەما بەچۆکا دانیشتبوو سەری شۆرکردبۆوەو بەقورگی پر لە گریانەوە ووتی:

– " ئاخ لەم زۆرداریە، ئاخ لەم جەنگەلستانییە.. دەبمان کوژن بەیەك جارو ببریتەوە.."

ئەمەی ووتوو سەری لەناو هەردوو لەپی دەستی ناو لەپرمەی گریانیدا..
قەرەباڵغیەکەش کە هەریەکەیان لە ناخیانا تا ئەو کاتە لەخەم و ئازاردا دەکوڵان لەپرمەی گریانیاندا.

مریەم بەو گریانەی مام کەریم و قەرەباڵغیەکە هیندەیتر ناخی ئاگری سەندو گریان و سوی وەك بورکانیك تەقییەوە هاوریی توند لەباوەش ناو بە دەنگیکی پر لەناسۆرو سوی‌و خەمەوە دەیلاواندەوە:-

" هاوریی هەردووچاوانم.. بەقوربانی ئەو رەنگە سوورە تیك چوەت بم.. بە جیم مەهیلە.. تاقانەم مەخە هاوریی تاقانەی دایك و باوکی..." میمکە عەتیش ئازارو خەم بەتەواوی گیژیاندا چەمکی سەرپۆشەکەی بەچاوییەوە گرتوو شاڵاوی گریان هیرشیان بۆ هینا.

عەشامەتی ناو هۆڵەکە تادەبوو قەرەباڵغییەکەیان گەورەتر دەکرد،
سەریان دەکیشاو جیی چاویان بۆ بینینی مریەم و هاوریی ساوای دەکردەوە هەر لەگەل بینینی چەند جۆرە بیرو قسەیان دەکرد:-

"بەخوا ئەمیش دەمری.. دەردەکەیەو گرتویتی وەك ئەو هەموو منداڵەیتر کە کوشتنی.. ئەی هاوار ئەمە چەهەنمە ئەمە گۆری تەنگ وتارە ئەمە چییە.. هەموو دەمرین هەر منال نامری، مام فایق و خالە سیەو پورە ئایش وەك گویزی ساغ وابوون ئەم قەبرە کووشتنی ئیرە هەر پیرو منداڵی تیدایە بەخوا گەنج و جوانیشی تیدا بوایە هەر ئەم بارە دەیکوشتن... مریەمی داماو تازە بەتەمای کوری نەبی.. ئەو منداڵانە وەك پەپوولە وان لەکوی بەرگەی ناو ئەم بۆگەنە دەگرن.. بەشکم شیفای بۆ بی مردن و ژیان بەدەست خوایە.. لەم جۆرە شوینانە هەر مردن هەیە.. مریەمی کلۆل خوا جزات باتەوە... ئۆف چیمان دەسەڵاتە... خوا بمانکوژی لەم حاڵەمان خۆشترە... رەبی کورو کچت بەدەردوحالی ئیمە بی ئاخر گوناهمان چییە وامان

لێدەکەن هەر لەبەر ئەوەی هەژارو قور بەسەرین...).

ئەم جۆرە قسەو بۆچوون و بریارانە هەریەك بەبیزاریو خەمەوە دەمیك بۆ خۆیان و دەمیك بۆ هاوەلەکانیان دەووتەوە.

ئیوارە ئەو دەمەی کەتازە رۆژ دنیای خۆی چۆل دەکاو تاریکیش وورده وورده باڵی نەگریسی خۆی دریژو پان دەکا.. مریەم گریان و هاوارەکەی گەورەتر کردو کەوتە لەخۆدانی خۆیو کراسی لەبەر خۆیدا دادران،

قەرەباڵغییەکەش تەواو کەوتنە ناو دەریای ئازارو گریانەوە، عەشامەتەکە گشت کەوتنە جوولەو پەلەقاژیو کەوتنە ناو کورەی قەرەباڵغییەکەوە، گریان و خەم و ئازار بەقەدەر کیویی قۆپی ناو چەکەیانی لێهات، میمکە عەتیو دووسی ژنیتر توند باڵی مریەمیان گرتبوو، بەلام بەسەروو قژو سنگ و قاچی لەخۆی دەداو، لەم دەنگ و گریان و شیوەنەدا سیان لە لە یاساولەکان شەقەیان لەقفل و زنجیری دەرکاکە هەڵساندو کردیانەوە، بەلووت گرتنەوە بەخیراییو نەرەنەر بۆ لای قەرەباڵغییەکە هاتن، کەوەك هەر پیشەیان بوو هاواریان کرد:

– دەی خیرا بمان دەنی.. شیوەن و گریانی ناوی.

مریەم باڵی گیرابوو قاچی گیرابوو،یەك لە یاساولەکان کۆرپەکەی هەڵگرت و فراندی..مریەم بەخۆی نەبوو گیانی گری گرت، دەمارەکانی وەك زنجیر رەق و ئەستوور بوون رەنگی سوور سوور وەك گۆمی خوینی لێهات، یەك زریکەو هاواری کردو خۆی لەدەست میمکە عەتیو ئەوان راپسکاندو هەڵ هات، تەی بە قەرەباڵغییەکە داو تاهیزی تیابوو پشتی ملی یاساولەکەی راکیشاو بەچەپۆك و گاز بەربووە سەرو چاوی؛ نەرمایی گۆشتی قۆلی یاساولەکە کەوتبووە بەر دەم رق و قینی مرۆڤی جەرگ هەڵقرچاوو سووتاوەوە، خوین لەشوین دانەکانیەوە فیچقەی دەکرد، یاساول ئازار بەجەرگ و دلی گەیشت و **بۆ ل٦٢**

**هـاوری خـاتوون بابایـەکی ناسیونالیسـت هـە رەشەی لیمان کردووە، قەسەم بە قورئان گـەر بیدەنگ نـەبین دەمانکاتە کۆچی قوربـان، چـی بکـەین وەی بـە حالمان ؟**



**خاتە سوورو حەمەتاڵ**

**خاتە سوور :**

بە گۆری مەلیك هۆ لالە حەمە

مەجلیسی شیخ هەرتۆیان کەمە

دەم و چاوت شۆ پرچت شانەکە

هەستە برۆ تۆ چیت داوە لەمە

هەوای راوە بەراز لەسەرتی داگە

ئیژی بولبولی گالت لی بریاگە

برۆ وازبینە بۆ تۆ راو ناکریین

دیوجامەکەت فرە کۆن و دریاگە

هەرچەند کوردستان هیچی نەماگە

هەرچی ئامیرە وە ئیران فرۆشیاگە

گەر شەر نەوی ئەتکەنە پۆلیس

بەو قەولەی پارتەکەت وەتۆی داگە

گەر فریا نەکەوتی پاش ئاشبەتال

بۆ راوە کۆمۆنیست بتوانی مالەومال

بەچاوەدیری، جار جارەیش تیرۆر

بۆرژوا سەروەربی، نابی دەسبەتاڵ
خانەقا خاسترە  بۆ ورینەو حاڵ
لە ئەورووپا نابیتە رۆستەمی زاڵ
هەستە برۆوە وازمان لیبینە
داڵە کەرخۆرە نیت تا بگری باڵ
کەریش نەماوە تاکو بیکەی ناڵ
چون دەرویشی رشکن بترسینی مناڵ
هەستە برۆوە نەوەك شەهید بی
بەفیشەکە شیتەی جەژنی سەری ساڵ

**مامە حەمە من تی ناگەم، چۆن پاش پینج ساڵ شەر، کاکە داوای هەڵبژاردنی ئازاد دەکات !**
**حەمەتاڵ** :

سویندم خواردییە بە گۆری بابم
لەبرایم خەلیلی قەد گوزەرا نابم
ئەز و فرە حزبی کوجا مەرحەبا
گەر بابی مەرحومم دەرسی دابم
هەردەم خەبات دەکەم لۆ ئاشتی
ریزگرم لە جیرانان زۆر بەراستی
گوی رادیرم لە گلەیی‌و بۆلەبۆل
گەر هەر خۆم بم سەرۆکی پارتی
قوربانت بم شیخەکەی بـارزان

سەرۆك حزب الله پیاوی ئیران
تۆ تیرۆرکەو من بۆتی دەپۆشم
بەپیادەکردنی حوکمی قورئان
لۆمەم مەکەن بۆ سیویەکی ئاب
شەرابی ئیمامە بۆ ئیسلامی ناب
من کورد پەروەرم حەزم لە هۆرەیە
جەلال نیم گویگرم لەموزیکی پاپ

**میم خاتوون هینـــدی ئیـــژن گـەر دیموکراســی بــەرقرار وێ، گـورگ و مـەر لەتـەك یـەکا ئـاو دەخۆنەوە، تۆ بیژی راست وی ؟**

**خاتە سوور** :

ئازادی تۆ گەر هەلبژیری
خراپ لەخراپتر هەلویری
بۆ سەر کورسی پارلەمان
بەخاتر جەمیوە بنیری
گوی رایەلبە بۆ فەرمان
بۆ شکۆی دەولەمەندان
بۆ سەرکوتی شۆرش
دان بەخۆدا گرە بی نان
قەد نەکەی رۆژی لەرۆژان
بیرکەیتەوە لەئازادیو ژیان

هەر ئەوەندەت بەر دەکەوی
لەخیرو بیرەکەی نیشتمان
ئەوەی باس لەشۆرش بکا
کافرەو شەری خودای ئەکا
یەکسانیو یەکبوون درۆیە
تۆ تیر بی کی ئیمە سەروەرکا
بیدەنگ و دلسۆزبە بۆ دیموکراسی
شوکرانە بژیربەو نەبی نارازی
برسیتیو تیری کاری خودایە
برای خوینیم بە نەکەی جیاوازی
واز لەم قسە قۆرانە بینە
بیر مەکەوە و خوداکە رازی !

**پاشماوەی عەشاماتی ناو زیندانەکە** تاتوانی دەنگی هاوارو ئاخی لی بەرز بـۆوە، دوو یاساولەکەیتر بەپەلە کەوتنە فریای هاوریکەیان:
توند هەردوو بالی مریـەمیان گـرت و مریـەم کەوتـە خۆراپسـکاندو هـاوار کـردن، بـۆ کـوی دەبـەن.. هـاوریم بەنـەوە.. تۆلـەی هـاوریم هەردەکەمـەوە.. جـافر جـافر تۆلـەی هاوری..تۆلەی هاوری.. هاوریم بەنەوە.. تۆلەی هاوریم هەر دەکەمەوە..

**یەکی ئەیلولی ١٩٨٨**

# خشتەك

تیبینی: لەپرکردنەوەی ئەم خشتەکەدا هەموو بنەمایەکی ریزمانی کوردی لەبەرچاو گیراوە، بەپیی رینووسی هەلبژیردراوی ئەم گوڤارە تەنیا نیشانەی " "ی پیتەکانی (ر،و،ی)نەبیت، کە بەشیوەی(ر،و،ی) نووسراون.

## ئاسۆیی

١-دەهەمین سەرۆك کۆماری ئیتالی ناروا ئامریکی موزیکی.

٢- وەستا (پ) رووپۆشی سووری بووك (پ) جۆرە کۆتریك.

٣-لافاو، لاپاو کەرەستەی بنەمای وشەی رنین داتەپیو - ترومبیلی باربەری.

٤-ئامرازی دریژەدان بەقسەکردن "بزە"ی بی سەرەتا.

٥-"غلدن"ی تیکەل و پیکەل.

٦-جۆرە چەکیکی کە عیراق و ئیران لە بۆمبا بارانی شارەکاندا بەکاریان دەبرد زگ.

٧-پارتیکی تیرۆرستی ئیسلامی لە تورکیە (پ)+ پیتیك.

٨-کینە ریوار ژنی خویندەوار.

٩-بی پۆشاك چالاك بیژنگی کون گەورە (پ).

١٠- ئیمە بەوە نا (پ) - ناویکی ژنانەی عەرەبی.


١١- پیتیك ئەو "شنە"ی بی کۆتایی ئیوە (پ).

١٢- ئەنجامدرا (پ).

١٣نووسەریکی سۆشیال ریالیستی فەرەنسی چنینەوەی میوە.

١٤-تاقی زۆر پی لەدیوارا.

١٥- پیتیك میوەیەك لەنگەرگە شاریکی مەغریبی.



خشتەکی ژمارە (٦)

## ستونی

١-ورچی بچووکی ئوسترالی مرۆڤ پیتیك.

٢-گیتاری بێ سەروبن (پ) "مار"ی سەربراو گێژ.

٣-ور (پ) پیتیك ئیمپراتۆریەتیك.

٤-بەرهەمیكی شیر تەنیا باڵ "خاره"ی سەربراو (پ).

٥-ئیش و ئازار شێ، نم، تەرایی توك، دوعای خراپ.

٦-ئاژاوەچی.

٧- ریبازیكی هونەری شیوەكاری.

٨-"سەر"ی بێ سەر (پ) بووك (پ) كن.

٩-پارچە پینەی بن قۆڵی كەوا كولیرەی تەنك لەرۆندا هەڵقرچاو.

١٠- كەمیك، تۆزیك (پ) خەوت.

١١- كۆمەڵە دوورگەیەكی نەرویژی.

١٢- ئاژەڵیكی دەستەمۆ ناوچەیەكی كوردستان.

١٣- ئام، هام "سرنا"ی بێ دوا دووپاتی دەبیتە دەنگی وەكاركەوتنی مۆتۆر.

١٤- ناجیگیر، هەڵەق و مەڵەق لاوەكی.

١٥- خوشك نیوی پادشایەكی سویدی (پ).

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ك | و | چ | ر | ه | و | | ب | | ه | ا | و | ر | ا | ن |
| ٢ | و | ل | ا | ی | ه | ا | | و | | ل | ه | خ | و | ر | ا |
| ٣ | ب | و | د | ل | ی | ر | | ك | | ك | | | ا | ی | س |
| ٤ | ی | چ | | د | ا | خ | | ه | | پ | ر | | ل | و | ك |
| ٥ | ز | | ی | | س | ا | | س | | ه | | | | ه | |
| ٦ | م | | د | ر | | ن | | ه | | چ | ه | پ | ا | ل | |
| ٧ | | | | | | | | م | | | | | | | |
| ٨ | ر | ب | ل | ه | ه | | چ | ا | ر | ل | د | ی | ك | ن | ز |
| ٩ | چ | ی | ا | | ب | و | و | ك | ه | ب | ا | ر | ا | ن | ی |
| ١٠ | | س | ن | ی | ك | ر | ا | ه | ت | ی | ر | گ | ر | ا | م |
| ١١ | | ا | و | ی | ا | ت | | ر | ا | ب | ی | ن | ی | | ا |
| ١٢ | | ر | | ك | چ | ه | ك | ه | ن | | | ه | و | ه | ك |
| ١٣ | | ا | | | و | | و | | د | | | ی | | ی | |
| ١٤ | | ن | | | ا | | چ | | ن | ی | م | ا | | ن | |
| ١٥ | | | | م | ل | | | | | | و | ل | | | |

خشتەكی ژمارە (٦)

خەڵاتی براوەی ئەم خشتەكە، چوار ژمارەی گۆڤارەكەیە. تكایە لەتەك پركراوەی خشتەكەكەدا ناونیشانی تەواوی خۆتان لەنامەیەكدا بەئادرەسی ژیلەمۆ بەریّ بكەن.

هەروەها بۆ ئەو بەریزانەی كە بەشداری ئەم گۆشەیە دەكەن، تكایە لەتەك ئامادەكراوی خشتەكەكەدا بە پركراوەیەكی بێ هەڵەی بەرێ بكەن. ژیلەمۆ